دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا

# کوردستان

ژمارە: ٥٢٧
www. kurdistanukurd.com
چوار شەممە ٣٠ی بەفرانباری ١٣٨٨ ـ ٢٠ی ژانویە ٢٠١٠ ـ ١٥٠
ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان

سیاسی

کۆماری کوردستان لە نێوان قانوون و ئێرادە دا ٤

سیاسی

ئەم تیرۆرە کاری کێیە؟ ٥

سیاسی

فشاری دامەزراوەی سەربازی و پاشەکشە کردنی AKP ٧

کۆمەڵایەتی

چەند هاوسەری، دیاردەیەکی دزێو ١٠

# ئەگەر هەوڵدان بۆ گۆڕینی ڕێژیم ئەرکی سبەینێمان بێ، هەوڵی ساغ بوونەوە لە سەر سیستمی دوارۆژ ئەرکی ئەمڕۆمانە

**بەیاننامە**

## بەڕێز بێ شەستو چوارەمین ساڵوەگەری دامەزرانی کۆماری کوردستان

**هاونیشتمانە بەڕێزەکان!**
**گەلانی مافخوراوو مافخوازی ئێران!**
**خەڵکی بە شەرەفی کوردستان!**

دووی ڕێبەندانی ئەم ساڵ شەستو چوارساڵ بەسەر دامەزرانی یەکەم حکوومەتی کۆماری لە مێژووی خەباتی رزگاریخوازانەی نەتەوەی کورد دا تێدەپەڕێ. ڕۆژی ٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ (٢٢ی ژانویەی ١٩٤٦) لە کاتێکدا نوێنەرانێك لە هەموو بەشەکانی کوردستانەوە بۆ پێشوازی لە ڕووداوێکی گرنگی مێژوویی ڕوویان کردبووە مەهاباد، ناوەندی ئەو دەورەیەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی خەڵکی کوردستانی ئێران، لە سەر دەستی پێشەوا قازی محەممەد ڕێبەری حیزبی دیموکراتی کوردستان "دەوڵەتی جمهوری کوردستان" ڕاگەیەندراو هەر پێشەوا خوشی بە سەرکۆمار هەڵبژێردرا.

دامەزرانی کۆماری کوردستان نەك هەر بۆ بزووتنەوەی کوردی ڕۆژهەڵات بەڵکوو بۆ تەواوەتی بزووتنەوەی ئازادیخوازی لە ئێران و بۆ بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستانیش ڕووداوێکی گرنگو دەسکەوتێکی مێژوویی بوو. هەر بۆیەش، ئەو کۆمارە هەم بۆخەڵکی هەموو بەشەکانی کوردستان بوو بە نوختە هومێدێكو هەم تەواوەتی حیزبو ڕێکخراوە دێموکڕاتو پێشکەوتووەکانی ئێران پێشوازییان لە دامەزرانی کردو پێوەندیی دۆستایەتیو هاوکارییان دەگەڵ دامەزراند.

وەك دەزانین کەمتر لە مانگو نیوێك پێشتریش حکوومەتی میللیی ئازەربایجان لە تەورێز دامەزرابوو،و ئەمە دووەم دەسکەوتی گرنگی دێموکراسیو مافی بەرامبەریی نەتەوەکانی دانیشتووی ئێرانو دووەمین زەبر لە حکوومەتی زوڵمو زۆرو نابەرابەری لەم وڵاتە دا بوو. هەر لەبەر ئەوەش، گەلانی زۆر لێکراوی ئێران وەك نموونەیەك بۆ بەدەستهێنانی مافە ڕەواکانی خۆیان چاویان لێ دەکردو کۆنە پەرستیی پاشایەتیو هێزە جەهەننەمییەکانی پشتیوانی زراویان لێی چووبوو،و بۆ بەگژداچوونەوەی کەوتنە نەخشەدانانو پیلانگێڕان.

دەگەڵ ئەوەی ئەو کۆمارە بە هۆی جۆراوجۆری نێوخۆییو دەرەکی نەیتوانی لەسەر پێی خۆی ڕاوەستێو کەمتر لە١١ مانگ بەردەوام بوو، ئەزموونی زۆر بە نرخی بۆ هەر دوو بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کوردو سەرانسەریی ئێران بە جێ هێشت. دەسکەوتەکانی ئەو ماوە کورتەی تەمەنی هەردوو حکوومەتی ئازەربایجانو کوردستان بۆ کۆمەڵانی خەڵکی ئەو دوو نەتەوە مافخوازە بوونە ئیلهامدەری خەباتێکی شێلگیرو بەردەوام کە بێگومان تا سەرکەوتنی یەکجاریو زیندوو کردنەوەی شانازییەکانی ئەو دوو حکوومەتە گەلییە بەردەوام دەبێ.

باسی دەسکەوتەکانی گەلی کورد لەکۆماری کوردستان، خاڵە بەهێزو لاوازەکانی ئەو کۆمارە، دۆستو دوژمنەکانی،هۆیەکانی ڕووخانیو سەرەنجام ئەزموونەکانی جگە لەوە کە بەخۆشییەوە لەبۆنەی جۆراوجۆردا زۆری لەسەر گوتراوەو نووسراوە، پێویستیی بە دەرفەت و دەرەتانێکی زیاترو لێکدانەوەیەکی کارناسانە هەیە. بۆیە لێرەدا بە درێژە ئاوڕی لێنادەینەوەو بەو کورتەیە لێی تێ دەپەڕین. نوێبوونەوەی یادی ئەو ڕووداوە مێژووییە بەدەرفەت دەزانین بۆئەوەی بەم بۆنەیەوە گەرمترین پیرۆزبایی پێشکەشی کۆمەڵانی ئازادیخوازی نەتەوەی کورد لەهەر چوارپارچەی کوردستانو هەموو ئازادیخوازانی ئێران بکەینو بۆهەمووان لەخەباتی ڕەواو شێلگیرانەیان لەپێناوی ئازادیو دێموکڕاسیو یەکسانیو دادپەروەریدا سەرکەوتن بەئاوات بخوازین.

ل٣

## دەیان کەس لە بەشدارانی خۆپیشاندانەکانی ڕۆژی عاشووڕا لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا دەسبەسەر کران

داوی تێپەڕبوونی نزیك بە ٣ حەوتوو لە خۆپیشاندانەکانی خەڵکی تاران لە ڕۆژی عاشووڕادا، لە چەند ڕۆژی ڕابردوو، دەیان کەس لە بەشدارانی ئەو خۆپیشاندانانە دەسبەسەر کران.

هێزی ئینتزامیی تاران ڕۆژی سێ شەممە ٢٩ی بەفرانبار هەواڵی دەسبەسەرکرانی ٤٠ هاووڵاتی لە تاران ڕاگەیاند. دەسبەسەرکرانی ئەو ٤٠ کەسە دوای ئەوە دێت کە هێزەکانی ئینتزامی ڕۆژی یەکشەممە بڵاوکراوەیەکی تایبەتی بە نێو بەسیجییەکان و هێزەکانی دیکەی ڕێژیم دا بڵاو کردەوەو وێنەی ٦٥ کەسی لە خۆپیشاندەران تێدا دەستنیشان کردبوو، داوای هاوکاری بۆ دەستبەسەرکردنیانی کردبوو.

لە لایەکی دیکەوە فشارەکانی ڕێژیم بۆ سەر ناڕازییان هەروا لە پەرسەندن دایە. بە پێی هەواڵەکان لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا دەیان خوێندکاری ناڕازیی زانکۆی قەزوین سزای قورسی وەکوو دەرکران لە زانکۆ، بێ بەشکردنی هەتا هەتایی لە خوێندن و هەڵپەساردن و .. بە سەریاندا سەپێنراوە. هەروەها لە زانکۆی ئەمیرکەبیر زیاتر لە ٩٠٠٠ نمرەی "سیفر" بۆ خوێندکارانی ئەو زانکۆیە لە کارنامەکانیاندا سەبت کراوە.

لە پێوەندی لەگەڵ دەسبەسەرکراوانی ڕۆژی عاشووڕاشدا تا ئێستا دۆسیەی ١٦ کەس لەوانە بۆ دادگا ڕەوانە کراوە کە لە نێو ئەوانەدا تۆمەتی "محاربە" وەپاڵ یەکێك لە دەسبەسەرکراوان دراوە.




## دادستانی شاری خۆی کوژرا



ئاژانسەکانی هەواڵ بڵاویان کردەوە کە سەر لە ئێوارەی ڕۆژی دووشەممە، ٢٨ی بەفرانبار "وەلی حاجی قولی زادە" دادستانی شاری خۆی لەلایەن کەسانی نەناسراوەوە درایە بەر دەسترێژی گوللەو کوژرا. حاجی قولی زادە بەر لەوەیکە ببێتە دادستانی شاری خۆی، فەرماندەی لەشکری عاشوورای سپای پاسداران بووە و دەوترێ لەو سەردەمەدا دەستێکی زۆری لە کوشتن و ئازارو ئەزییەتی خەڵکی کورد لە ناوچەکانی ورمێ، خۆی و سەڵماس دا هەبووە. ناوبراو هەروەها لە ماوەی ڕابردوودا کە دادستان بووە، بڕیاری ئێعدامی دوو چالاکی سیاسیی کورد بە ناوەکانی "فەسیح یاسەمەنی"و "حەسەن حیکمەت دەمیر"ی جێبەجێ کردوە. هەربۆیە ناوبراو لەلایەن خەڵکی ئەو ناوچەیەوە بە قاتڵی ئەو دوو چالاکە کوردە ناسراوە هەروەها دەوترێ کە لە ماوەی بەرپرسایەتییەکەی لە دادستانیی خۆی دا بە تۆمەتی جۆراوجۆر دەیان بڕیاڕی زاڵمانەی وەکوو بڕینەوەی دەست و لاقی کوردەکانی دەرکردوە.

شایانی باسە کە تا ئێستا هیچ کەس ولایەنێك کوشتنی ناوبراوی بە ئەستۆ نەگرتوە.

## جینایەتەکانی باندێکی ئیتلاعاتی شاری مەریوان ئاشکرا دەکرێن

لە درێژەی تسویە حیسابی نێوخۆیی هێزەکانی ڕێژیم و پاش دەسبەسەرکرانی چوارەمین کەس لە ئەندامانی باندی کوشتنی "هیوا تاب" کە سەر بە حیفازەتی ئیتلاعاتی سپا بووە، کۆمەڵێك لە جینایەتەکانی ئەو باندە لە کوردستان ئاشکرا دەبن.

بە پێی زانیارییەکان ئەو باندە لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا لە ناوچەکانی مەریوان و سنەدا لاوانیان دەسبەسەر دەکردو دواتر دەیانکوشتن و بە جلی پێشمەرگەو گەریلاوە ڕادەستی بەرپرسانی ڕێژیمیان دەکردن. تا ئێستا تەرمی چەند کەس لە قوربانییەکان لە گوندی "دادانە"ی سەر بە شاری سنە دۆزراونەتەوە کە لەو نێوەدا تەرمی خوێندکارێکی کوردو چەند کاسبکارێك دەبینرێ.

جێی ئاماژەیە دەسبەسەر کرانی هیوا تاب و چەند کەس لە ئەندامانی باندەکەی پاش ئەوە دێ کە چەند کەسێکی دیکە لە ئەندامانی هێزەکانی ڕێژیم بە کردەوەکانی ئەو باندە دەزانن و لە قاویان دەدەن. دەوترێ کە ئەو کەسانەی ئەو باندەیان لەقاو داوە، لە ماوەی ڕابردوودا لە لایەن بەرپرسانی ئیتلاعاتەوە هەڕەشەی کوشتنیان لێ کراوە.

شایانی باسە یەکێکی دیکە لە کارەکانی ئەو باندە دەسبەسەر کردنی ٣ ئەمریکاییەکە بوو کە هاوینی ڕابردوو لە سنووری هەڵەبجە دەسبەسەر کراون و تا ئێستاش ئازاد نەکراون.

## مەرگی گوماناویی بەندکراوانی کورد لە بەندیخانەکانی کوردستان دا پەرە دەستێنێ

بەدوای مەرگی گوماناویی "زەهرا جەعفەری" بەندکراوی سیاسیی کورد لە بەندیخانەی "ورمێ"دا، بەندییەکی دیکەی کورد بەناوی ئەنوەر غەفووری لە بەندیخانەی شاری سەقزدا بە شێوەیەکی گوماناوی گیانی لەدەست دا.

تا ئێستا بەرپرسانی ڕێژیم هۆکاری گیان لەدەست دانی ئەو بەندکراوانەیان ڕانەگەیاندوە و ئیجازەشیان نەداوە کە پزیشکی قانوونی تەرمەکانیان بپشکنێ.

جێی وەبیرهێنانەوەیە کە بەر لەوەش دوو بەندیی کوردی دیکە بە ناوەکانی کەماڵ ئەحمەدی و خوسرەو ئیزەدی لە بەندی ٣ی بەندیخانەی شاری سنە بە شێوەیەکی گوماناوی گیانیان لە دەست داوە.



## ڕێژەی قوربانیانی بوومەلەرزەکەی هایتی هەروا لە بەرزبوونەوەدایە

پاول ئانتوان وەزیری نێوخۆی هایتی ڕایگەیاند کە ژمارەی کوژراوانی بوومەلەرزەکە ١٠٠ هەزار کەسی تێپەڕاندوەو ئەگەری ئەوە هەیە کە نزیك بە ٢٠٠ هەزار کەس گیانیان لەدەست دابێ. هەروەها ناوبراو ڕایگەیاند کە تا ئێستا دەوڵەتی ئەو وڵاتە توانیویەتی تەنیا تەرمی ٥٠ هەزار کەس لە قوربانیان لە نێوشار کۆبکاتەوەو لەو نێوانەشدا تەنیا تەرمی ٤٠ هەزار کەس لە گۆڕی بەکۆمەڵدا بەخاك سپێردراون.

دەوڵەتی هایتی داوای یارمەتیی بە پەلەی ١ میلیارد دۆلاری لە وڵاتانی دیکە کردوەو لەم پێوەندییەشدا نەتەوە یەکگرتووەکانیش داوای لە وڵاتانی جیهان کرد کە بە پەلە ٥٦٠ میلیۆن دۆلار یارمەتی بۆ هایتی کۆبکەنەوە.




## ڕاگەیەندراوی ناوەندی ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان سەبارەت بە ئێعدامی فەسیح یاسەمەنی

# (تاوانی نوێی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان مەحکووم دەکەین)

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە درێژەی سەرکوتی ئازادیخوازانی کورددا تاوانێکی دیکەی خوڵقاند.

بەپێی هەواڵێک کە ڕۆژی چوارشەممە، ١٦ بەفرانبار هەواڵدەرییەکان بڵاویان کردەوە زیندانییەکی سیاسیی دیکەی کورد بە ناوی فەسیح یاسەمەنی لە زیندانی شاری خۆی لە سێدارە دراوە.

فەسیح یاسەمەنی خەڵکی گوندی هێندوان سەربە شاری «خۆی» لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دوو ساڵ لەمەوبەر لەگەڵ چەند کەس لە لاوانی گوندەکەیان (بریتی لە کوڕو کچ) بە تۆمەتی هاوکاری لەگەڵ یەکێک لە پارتە کوردییەکان قۆڵبەست و لە گرتووخانەی کۆماری ئیسلامیدا کەوتە بەر ئازارو ئەشکەنجە و دواتر حوکمی ئێعدامی بەسەردا دەسەپێنن.



ئێعدامی فەسیح لە درێژەی ئەو ئێعدامە سیاسییانە دایە کە نێوە نێوە لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان جێبەجێ دەکرێن. بەرلە فەسیح، ئێحسان فەتاحیان بە تاوانی چالاکیی سیاسی دژی کۆماری ئیسلامی لە بەندیخانەی شاری سنە لە سێدارە دراوەو ئێستاش زیاتر لە١٠ کەس لە چالاکانی سیاسی و مەدەنیی کورد لە ژێر حوکمی ئێعدام دان.

ناوەندی ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان وێڕای مەحکووم کردنی ئەم تاوانە دژ مرۆڤانەیەی کۆماری ئیسلامی دەرهەق بە ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد، هاودەردی و هاوخەمیی خۆی لەگەڵ بنەماڵەی فەسیح یاسەمەنی و خەڵکی ئاوایی هیندوانی خۆی ڕادەگەیەنێ و داوا لە کۆڕو کۆمەڵەکانی داکۆکیکاری مافی مرۆڤ دەکا بە لە قاودانی ئەم تاوانە نوێیەی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان ڕێبەرانی ئەو ڕێژیمە هەرچی زیاتر ڕیسوا بکەن.

ناوەندی ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان
١٧ ی بەفرانباری ١٣٨٨
٧ی ژانویەی ٢٠١٠

## دەسبەسەر کرانی ١٠ کەس لە ڕێوڕەسمی ساڵرۆژی کوژرانی برایم لوتفوڵڵاهی دا

لە ڕێوڕەسمی دووهەمین ساڵرۆژی کوژرانی خوێندکاری کورد ، ئیبراهیم لوتفوڵڵاهی دا کە لە سەر گڵکۆی ناوبراو لە شاری سنە بەڕێوە چوو، لانیکەم دە کەس لە بەشدارانی ڕێورەسمەکە دەسبەسەر کران.

ئەو ڕێوڕەسمە ڕۆژی پێنجشەممە ٢٤ی بەفرانبار بە بۆنەی تێپەڕبوونی دوو ساڵ بە سەر کوژرانی خوێندکاری کورد و ئەندامی یەکیەتیی دێموکراتیکی خوێندکارانی کورد ئیبراهیم لوتفوڵڵاهی و لە سەر بانگەوازی بنەماڵەی شەهید لوتفوڵڵاهی و یەکیەتیی دێموکراتیکی خوێندکارانی کورد ، لە سەر گۆڕی ئەو خوێندکارە کوردە لە گۆڕستانی بەهەشتی محەممەدی شاری سنە پێک هات و ژمارەیەکی بەرچاو لە چالاکانی مەدەنی و خوێندکاری لە شارەکانی کرماشان، سنە، مەریوان و ورمێ تێیدا بەشدار بوون.

هێزە ئەمنیەتییەکانی کۆماری ئیسلامی هەر لە سەرەتاوە گۆرستانەکەیان خستبووە گەمارۆی خۆیانەوە و ڕێورەسمەکەیان بە توندی گرتبووە ژێر چاوەدێرییەوە.

لە لایەکی دیکەشەوە چەند کەس لە مەئموورانی لیباس شەخسی فیلمیان لە ڕێوڕەسمەکە و بەشدارانی ئەو کۆڕیادە هەڵ دەگرتەوە و هاوکات دەستیان بەسەر مۆبایلی خوشکی شەهید ئیبراهیم لوتفوڵڵاهی داگرتوە کە خەریک بوو لە گڵکۆی براکەی وێنەی هەڵ دەگرت و ئەوەش بەگژداچوونەوەی توندی بنەماڵەی لوتفوڵڵاهی بە دواوە بوو.

لە ڕێوڕەسمەکەدا بەشداران بە خوێندنەوەی سروودی نەتەوایەتیی ئەی ڕەقیب و چەندین سروود و شێعری شۆڕشگێڕی و بەرەنگاری، پەیمانی وەفاداریی خۆیان بە ڕێبازی ئازادیی نەتەوەکەیان دووپات کردەوە.

هێزە ئەمنیەتی و لیباس شەخسییەکان لەو ڕێوڕەسمەدا لانیکەم دە کەس لە چالاکانی مەدەنی و خوێندکارییان دەسبەسەر کردوە کە بەشێک لەوان بریتین لە: موختار زارعی ئەندامی شووڕای ناوەندیی بەرەی یەکگرتووی کورد، مێهدی دوعاگۆ، لوقمان ئەحمەدی، خەلیل شەهبازی، سەیوان ئاداک، دارا حوسێنی، دەبیر و ئەندامانی شووڕای ناوەندیی یەکیەتیی دێموکراتیکی خوێندکارانی کورد، ئازاد لوتفپووری، ئومێد شێخی، لە چالاکانی مەدەنیی شاری سنە و ژمارەیەکی تر کە ناوەکانیان هێشتا ڕوون نەبوونەتەوە.

شایانی باسە کە ئیبراهیم لوتفوڵڵاهی خوێندکاری بەشی مافناسی لە زانستگای پەیامی نووری سنە بوو کە ڕۆژی ١٥ی بەفرانباری ١٣٨٦ لە لایەن ئیدارەی ئیتلاعاتی سنە دەسبەسەر کرا و دوای دە ڕۆژ زیندانی، لە ژێر ئەشکەنجە گیانی لە دەست دا.

## سمینارێکی گشتی لە لایەن یەکێتی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە فینلەند بەڕێوە چوو



کاتژمیر یەک و نیوی دوا نیوەڕۆی ڕۆژی ١٦ی ژانویەی٢٠١٠ لە شاری تورکوی وڵاتی فێنلاند سمینارێک لە لایەن کۆمیتەی یەکێتی ژنانی دێموکراتی کوردستانەوە بۆ بەڕێزان گوڵاڵە شەرەفکەندی و سارا محەممەدی و شوعلە قادری پێکهات.

سمینارەکە بە سرودی نەتەوایەتی ئەی ڕەقیب و خولەکیک بي دەنگی بۆ ڕێزگرتن لە یاد و خەباتی شەهیدانی ڕێگای ئازادی و یەکسانی دەستی پێکرد. سەرەتا لە لایەن بەڕێز زولەیخا مەمەندی بەخێر هاتنی بەشداربوان کرا ، بە دوای ئەودا بۆ ڕێزگرتن لە خەبات و تیکۆشانی هاوری تازە کۆچکردومان کاک تەها عەتیقی لە لایەن کاک ڕەزا ڕەشیدزادە، هاوکار و هاوڕێی کاک تەها لە رادیۆ دەنگی کوردستان باسێکی کورت پێشکەش کرا. لە درێژەی بەرنامەکەدا بەڕێز شەهێن زادئەحمەد بەرپرسی کۆمیتەی یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە وڵاتی فینلاند کۆڕگێڕانی سمینار، بەڕێزان گولالە شەرەفکەندی بەرپرسی کۆمیتەی دەرەوەی وڵاتی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان، سارا مەحەممەدی مافناس و چالاکی بواری مافەکانی ژنان و شوعلە قادری بەرپرسی کۆمیتەی سوئێدی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان بە ئامادەبوان ناساند. ئینجا کێژۆلەی جوان و خنجێلانە شنۆ ئەحمەدی بە دەنگە خۆشەکەی چەند گۆرانیەکی پیشکەش کرد کە لەگەڵ پێشوازی گەرمی بەشداربووان بەرەورو بوو. پاشان کورتەفیلمیکی ١٥ خولەکی لە سەر ماف و پیگەی ژنان لە جیهاندا نیشان درا و بە دوای ئەوەدا سارا مەحەممەدی باسیکی تێرو تەسەلی لە سەر ماف و پیگەی ژنان لە قانونی ئەساسی ئیراندا ئاراستە کرد . ناوبراو لە بەشیک لە قسەکانی دا وتی: قانونی ئەساسی ئیران لە سەر جەوهەر و بنەمای ئیسلامی دانراوە و نابەرامبەری و نا یەکسانی زۆری دژ بە ژنان تیدایە و ئەو مافانەی کە لە کۆنواسیۆنە نێونەتەوەییەکاندا بۆ ژنان ئیمزا کراوە لە قانونی ئەساسیی ئیراندا نەک بۆ ژنان بەرچاو ناکەون بەڵکوو لە زۆر شویندا ژنان قوربانی بونیادگەرایی ئیسلامی بوون . لە کۆتایی باسەکەیدا ئاماژەی بەوەدا کە ئیمە ئیستا لە دەرەوەي وەڵات بواری ئەوەمان هەیە کە هەر نابەرابەریەک و نا عەدالەتیەکی یاسایی لە سەر ژنان لە قاو بدەین.

بە دوای باسەکەی خاتو سارادا کورتە فیلمیکی دیکە سەبارەت بە بەشیک لە نارەزایەتیەکانی ٧ مانگی رابردو بە دژی دەسەڵاتدارانی کۆدیتاچی لە ئیران دا نیشان درا و پاش پشوویەکی کورت، کۆڕەکە بە دەنگە بەسۆزو خۆشەکەی شنۆخان درێژەی بە کار دا.

لەم بەشەدا خاتو گولالە شەرەفکەندی باسەکەی خۆی پێشکەش کرد و تێیدا باسی لە جووڵانەوەی ژنانی ئیران و ڕۆڵ و نەقشی ئەوان لە خۆپێشاندانەکانی دوای کودەتای هەڵبژاردن کرد. لە بەشێکی دیکەی وتەکانی دا ڕێزدار شەرەفکەندی باسی لە وەزعیەتی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی وحوقووقی ژنان لە ئێران و زاڵبوونی دیسکۆرسی پیاوسالارانە کرد و ئاماژەی بە کردەوەکانی ٣١ ساڵەی دەسەڵات لە ئیراندا کرد. هەروەها لە درێژەی باسەکەیدا ئاماژەی بەوە کرد کەهەموو ئەو نرخانەی ژنان وەک لیدان، زیندان، کوشتن، تەنانەت تەجاوزکردن پییان، کە لە پیناو وەدەست هینانی مافی یەکسانیدا دەیدەن نەتەنیا سەرشۆری نیە بەڵکوو جیگای شانازیشە. بەرپرسی کۆمیتەی دەرەوەی وڵاتی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە کۆتایی باسەکەیدا هاتە سەر پیگەی ژنان لە جووڵانەوەی سەوزدا و رایگەیاند کە پیگەو مافي ژنان لەو جووڵانەوەیەدا بە هێند نەگیراوە و لە ١٧هەمین راگەیاندراوی مووسەویدا باسیکی ئەو تۆ لە سەر ماف و پیگەی ژنان لە ئیراندا لەو راگەیندراوەدا نەگونجێندراوە. دوابەدوای باسەکانی کۆڕگێڕان، نۆبە گەیشتە پرسیار و تێبینی بەشداربوان کە لە لایەن بەڕێزان شەرەفکەندی و موحەممەدییەوە وەڵام درانەوە.

دوا برگەی بەرنامەکە تەرخان کرابوو بۆ کۆنفرانسی ژنان لە فینلاند کە لەو بەشەدا خاتو شۆعلە قادری بۆ بەشداربوان دواو ناوبراو لە باسەکەیدا تیشکی خستە سەرخەبات و تێکۆشانی یەکسانیخوازی و بروا بەخۆبوون لە نێو ژناندا و هەوڵدان بۆ بەشداری زیاتری ژنان لە دەستەڵات دا. لەو پیوەندیەدا ئاواتی خواست لە کۆنگرەی داهاتوی حیزبی دیموکراتی کوردستان دا ڕیژەیەکی بەرچاو و زیاتر لە ژنان لە ڕیبەریی و بەریوەبەریی ئەو حێزبەدا جیگای خۆیان بکەنەوە. بە دوای باسەکەی خاتوو شوعلەدا بەڕێز شەهین زادئەحمەد بەرپرسی یەکیەتیی ژنانی دیموکرات لە فینلاند راپۆرتیکی لە کار و چالاکیەکانی ڕێکخراوەکە لە نێوان دوو کۆنفرانس دا پیشکەش کرد کە بە دوای سەرنج و تێبینی ئەندامان، لە لایەن بەشداربوواني کۆنفرانسەوە بە تێکرای دەنگ پەسەند کرا. لە کۆتایی کاری کۆنفرانسدا نۆبە گەیشتە هەڵبژاردنی دەستەی بەریوەبەریی نوێ بۆ یەکیەتیی ژنانی دیموکرات لە فینلاند کە لەو بەشەدا ریژەیکی بەر چاو لە ژنان ئامادەگی خۆیان بۆ کار کردن لە دەستەی بەریوەبەریدا راگەیاند کە بوو بە جیگای خۆشحالی و رەزامەندی بەشداربووان و بەریوەبەرانی کۆنفەرانس.

## بەڕێوەچوونی یادی ٦٤ ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستان لە ڕۆژئاوای کانادا




ڕۆژی شەممە، ١٩ ی بەفرانبار ( ٩ی ژانویەی ٢٠١٠ی زایینی ) لە لایەن کومیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ڕۆژئاوای کانادا– ڤانکۆڤێر ڕێورەسمێک بە بۆنەی ٢ی ڕێبەندان، یادی ٦٤ ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستان بە بەشداریی سەدان کەس لە کوردەکانی ئەو وڵاتە بەڕێوە چوو.

لە سەرەتای ئەو ڕێوڕەسمەدا بەڕێوەبەری بەرنامە، عوسمان مەحموودی بەرپرسی بەشی ڕاگەیاندنی کومیتەی حیزب بە گەرمی بە خێر هاتنی بەشداربووانی یادی ٢ی ڕێبەندانی کردو دوای خوێندنەوەی سروودی نەتەوایەتیی ئەی ڕەقیب، خولێک بێ دەنگی بۆ ڕێز گرتن لە شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری کوردستان ڕاگیرا.

پاشان پەیامی پیرۆزبایی کومیتەی حیزب لە لایەن بەرپرسی کومیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ڕۆژئاوای کانادا، کاک ئەنوەر کەریمی یەوە بە بۆنەی یادی ٦٤ ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستان خوێندرایەوە.

ناوبراو لە سەرەتای قسەکانیدا ئاماژەی بەوە کرد کە یادی ٢ی ڕێبەندانی پیرۆزدا لە هەل و مەرجێکی تایبەتی تر لە ساڵانی پێشوو ڕێز دەگرین. ئەو هەلومەرجەی دوای بە ناو هەڵبژاردنی دەوری دەیەمی سەرۆک کۆماریی ڕێژیمی ئاخوندی ئێران هاتۆتە ئاراوە جێگای هیواوو گەشبینیی هەموو ئازادیخۆازانی ئێران بە گشتی و گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتیی.

کاک ئەنوەر کەریمی لە بەشێکی دیکەی قسەکانی دا ئاماژەی بە ڕۆڵ و پێگەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان و ئەرک و بەرپرسیارەتیی ئەو حیزبە لە قۆناغی ئێستا دا کرد.

لەم یادە دا وێڕای بەشداربوونی نوێنەرانی هێزو لایەنە سیاسییە کوردستانییەکان چەند بروسکەی پیرۆزبایی پێشکەش کران کە بریتی بوون لە:

* کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران
* یەکێتی نیشتیمانیی کوردستان
* ماڵی کورد لە ڤانکۆڤێر
* کورد تی ڤی لە ڤانکۆڤێر
* کومیتەی پشتیوانی لە بزووتنەوەی گۆڕان
* ناوەندی چاک
* ڕێکخراوی خەباتی کوردستانی ئێران

دواتر لە لایەن هونەرمەندی گۆرانیبێژ بەکر لەگزی و موسیقا ژەن ئالان لە نێو کۆڕی شادی و خۆشحاڵیی بەشداربووان دا، بەرنامەی یادی ٢ی ڕێبەندانی پیرۆز تا کات ژمێر ١ی نیوەشەو درێژەی کێشا.

شایانی باسە کە نێو ئاخنی بەرنامەکە خوێندنەوەی چەند پارچە شێعر لە لایەن بەڕێوەبەری بەرنامە بوو .

## گیان لە دەستدانی کەسێک لە بەندیخانەی سەقز

کەسێکی خەڵکی سەقز کە پێنج ڕۆژ پێش ئێستا قۆڵبەستو ڕەوانەی بەندیخانەی سەقز کرابوو، ڕۆژی ٢٧ی بەرفرانبار بە شێوەیەکی گوماناوی گیانی لە دەستدا.

لەم پەیوەندییەدا ناوەندیی هەواڵنێریی سەقز ڕایگەیاند ، بەندکراوێکی سەقزی بە ناوی «ئەنوەر غەفوری» تەمەن ٣٢ ساڵە کە لە ڕۆژی دووشەممەی ڕابردووەوە لە بەندیخانەی ناوەندیی شاری سەقز زیندانیی بووە ، بە هۆکارێکی نادیار و گوماناوی گیانی لە دەستدا.

تا ئامادە کردنی ئەم هەواڵە، بەرپرسانی بەندیخانەی ناوەندیی سەقز بە شێوەیەکی ڕەسمیی هۆکاری گیان لە دەستدانی ناوبراویان بۆ بنەماڵەکەی ڕوون نەکردوەتەوە.

جێی وەبیرهێنانەوەیە کە پێشتریش لە بەندیخانەی ناوەندیی شاری ورمێ «زارا جەعفەری» زیندانی سیاسیی کورد بە هۆیەکی نادیارەوە گیانی لە دەستدابوو.

درێژەی

# بەیاننامە
# بەڕێز بێ شەستو چوارەمین ساڵوەگەڕی دامەزرانی کۆماری کوردستان

خەڵکی خەباتگێڕی کوردستان!
ئازادیخوازانی سەرانسەری ئێران!

ئەمساڵ لە هەلومەجێکدا یادی دامەزرانی کۆماری کوردستان دەکەینەوە کە بەخۆشییەوە ئاسۆی خەباتی ڕزگاریخوازانەی خەڵکی ئێران لەهەموو قۆناغەکانی ڕابردوو ڕوونتر دیارە. بزووتنەوەی سەرانسەری بەدژی دەسەڵاتی دیکتاتۆرو کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامی، کە لەمێژساڵە دەسستی پێکردوە، لەپاش کۆدیتای شوومی خامەنەیی-ئەحمەدی‌نیژاد بەدوای هەڵبژاردنی سەرکۆماریدا پێی ناوەتە قۆناغێکی تازەوە. ڕاپەڕینێک کە لەسەرەتادا بەدروشمی "دەنگەکانمان کوان؟" دەستی پێکرد، هەتا هاتوە قووڵترو بەربەرینتر بۆتەوەو گەیشتۆتە جێگایەک کە دروشمو داخوازی هێزە پێشڕەوەکانی کۆمەڵ،خوێندکاران، ڕووناکبیران، لاوانو ژنانو بەگشتی تێکڕای ئازادیخوازان نیشانە لەبەرزترین پلەکانی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی دەگرن. هەموو نیشانەکان پێمان دەڵێن کە بزووتنەوەی ئەمجارەی خەڵکی ئێران ئەگەریش تووشی هێندێ پاشەکشەی کاتی‌و تاکتیکی بێ، گەڕانەوەی بۆ نیەو تا وەدیهێنانی داخوازەکانی کە دیارە کۆماری ئیسلامی وەڵامێکی بۆیان نیە، درێژەی دەبێ.

ڕێژیمی ئاخوندەکان لە هەردوو مەیدانی نێوخۆیی‌و نێونەتەوەییدا دەگەڵ بێزراوی‌و تەریکمانەوەیەکی بێوێنە بەرەوڕوو بووەو بەڕاستی ڕێگای مانۆڕو خۆدزینەوەی لێ بەستراوە. ئەم ڕێژیمە لە دووڕێگا زیاتری لەپێش نیە. یان تەسلیمی ویستی خەڵک دەبێ‌و مل بۆ داخوازەکانیان ڕادەکێشێ، کە زۆر بەدوور دەزانرێ،یان دەبێ مەیدان چۆڵ بکاو دەسەڵات بۆ حکوومەتێکی هەڵقوڵاو لە ئیرادەی خەڵکو داخوازە دێموکڕاتییەکانیان بەجێ بێڵێ.

بە پێچەوانەی هەموو هەوڵە نەزانخەڵەتێنەکانیان دەسەڵاتدارانی ئەمڕۆی ئێران ناتوانن جارێکی دیکە خەڵکی وشیارو وەخەبەر هاتوو بە فریوبەرن‌و لە داخوازەکانی خۆیان پاشگەزیان بکەنەوە. پشتیوانە دەرەکییەکانی ڕێژیمیش کە زیاتر، هێندێ ڕێژیمی کۆنەپەرستو دواکەوتووی لە چەشنی کۆماری ئیسلامین لە توانایاندا نیە لەوە زیاتر بەپێچەوانەی ویستی خەڵکی ئێران ڕێژیمی زوڵمو زۆرو ناحەقی‌و جیاوازی‌دانان لەسەر پێ ڕابگرن. هەروەک لە دروشمی خۆپیشاندەرانو لەوەش زیاتر لە کردەوەی ئەواندا نیشان دراوە سەرکوتو کردەوە دزێوو بێزهەستێنەکانیش ناتوانن کاریگەربن‌و خەڵکی چاوترسێن بکەن. کەوایە دەبێ خۆمان بۆ ڕۆژێک ئامادە بکەین کە شەڕی ئەو سیستەمە دژیگەلییەلەسەر خەڵکی ئێران لادەچێ.

خەباتگێرانی ڕێگای ئازادی!

لەبیرمانە نیزیک بە ٣١ ساڵ پێش ئێستا ڕاپەڕینی بەشکۆی گەلانی ئێران ڕێژیمێکی سەقامگرتووی ٢٥٠٠ ساڵەی بە چۆکدا هێناو سێبەری خوا لە سەرزەوی نەک هەر لە ئێران جێگای حەوانەی نەما، بەڵکە بە جۆرێک کەوتە بەر شەپۆلی بێزاریی خەڵک کە پشتیوانە بێگانەکانیشی پشتیان تێ کرد. بەو جۆرە شا کە ماوەی دەیان ساڵ بە زۆری سەرەنێزە حکوومەتی بەسەر گیانو ماڵی ئێرانییەکانەوە کردبوو، ناچار بوو مەیدان بە جێ بێڵێ‌و وەدوای چارەنووسی نادیاری خۆی بکەوێ.

دیمەنی ئێستای شەقامەکانی تارانو شارە گەورەکانی ئێران دەقاودەق دیمەنی ڕاپەڕینی بەشکۆی گەلانی ئێران دژی ڕێژیمی پاشایەتیمان وەبیر دێنێتەوە. ئەگەر ڕاپەڕینی ساڵەکانی ٥٧- ٥٦ لە ڕێبەنداندا سەری هەڵداو ساڵێک دواتریش هەر لە ڕێبەنداندا گەیشتە لووتکەی سەرکەوتن، ڕاپەڕینی ئەم جارەش لە ڕێبەنداندا گوڕوتینێکی تازەی پێوە دیارە. ئەوە کە ڕێژیم لە ڕێبەنداندا بە چۆکدا دێ یان چەند مانگو تەنانەت چەند ساڵی دیکە لەمەیدان دەچێتە دەر، زۆر گرنگ نیە. مەسەلەی بنەڕەتی ئەوەیە کە ئەزموونی ١٣٥٧ مان لەبەر چاو بێ‌و نەهێڵین مێژوو خۆی دووپاتە بکاتەوە. زۆرمان لە بیرمانە کە چۆن دەسکەوتەکانی ڕاپەڕینی ساڵی ١٣٥٧ بە تاڵان چوونو ئازادیخوازانی ئێران بە هەموو نەتەوەو ئایینو مەزهەبو چینو توێژەکانیانەوە سەریان بێ کڵاو مایەوە.

ئێستا ئیدی بۆهەمووان ڕوونە کە هۆی سەرەکیی ئەو ناکامییە گەورەیەی ڕاپەڕینی ١٣٥٧ی تووش هات، ئەوە بوو کە هەروەک ئەودەم دەگوترا" هەموو کەس دەی زانی چیی ناوێ" بەڵام نەیان دەزانی "چییان دەوێ". بۆ ئەوەی جارێکی دیکە تووشی ئەو ئەزموونە تاڵە نەبینەوە پێویستە ئێستاو چەندی بکرێ زووتر لە فکری چارەسەردا بین. ئەگەرنا، ڕووخانی ئەم ڕێژیمەو هاتنی ڕێژیمێکی دیکەی وەک خۆی دەتوانێ ڕۆژڕەشییەکی گەورەترمان بۆ بە دیاری بێنێ. بۆ خۆ پاراستن لە دووپاتە بوونەوەی مێژوو پێویستە چەندە لە فکری لادانی ئەم ڕێژیمە داین، ئەوندەو زیاتریش لە غەمی داڕشتنی نەخشەی ئایندەو سیستمی ئایندەدا بین.

بزووتنەوەی ئەمجارەش دەگەڵ هەموو شانازییەکانی بە داخەوە ئەو کەمو کوڕییەی پێوە دیارە کە نە بەرنامەیەکی ڕوونو ناسراوی هەیەو نە ڕێبەرایەتییەک کە بە نەزەری نوێنەرانی زۆربەی لایەنە سەرەکییەکانی نێو بزووتنەوەی ئازادیخوازیی ئێرانو پێکهاتە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵی ئێران دیاری کرابێ. دەبێ هەموو لایەک بزانن کە دەورانی تەواوەتخوازی‌و حاشا لە بوونی جۆراوجۆرییەکانی کۆمەڵی ئێران کۆتایی هاتوە. ئێران وڵاتی جۆراوجۆرییە ئایینی‌و مەزهەبی‌و نەتەوەییەکانە. سیستمێک لە دوارۆژی ئێراندا شانسی مانەوەو سەرکەوتنی دەبێ کە هەموو جۆراوجۆرییەکانی کۆمەڵ ببینێ‌و مافە ڕەواکانیان بەڕەسمی بناسێ‌و دابینیان بکا. بۆ گەیشتن بەو ئامانجە حاشاکردن‌و چاونووقاندن لەحاند ڕاستییەکان نەکهەرکارساز نیە، بەڵکوو زیانبەخشیشەو هەر نیزامێک بێ دەرکی ئەوڕاستییە دابمەزرێ،هەر دەگەڵ دامەزرانی، بەردی بناخەی هەڵوەشانی خۆشی دادەنێ. کەوایە، دەبێ هەموو لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆن لە نێو خۆو دەرەوەی وڵات، بە دوای یەکتر دا بگەڕێن، داخوازەکانو بۆ چوونەکان پێکەوە باس بکەن‌و پێکەوە بگەنە پلاتفۆڕمێکی هاوبەش کە مافەکانی هەمووان لە دواڕۆژی ئێراندا مسۆگەر بکا. ئەگەر دەمانەوێ ئێران یەکپارچەو بەختەوەرو پێشکەوتوو بێ، دەبێ هەوڵ بدەین وڵاتی هەمووان بە مافی بەرامبەرەوە بێ، بە ئەقڵی بەکۆمەڵی هەمووان بەڕێوە بچێ‌و بە هێزی هاوبەشی هەمووان بپارێزرێ.

ئەوەندەی دەگەڕێتەوە سەر هێزە سیاسییەکانی نێو بزووتنەوەی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش دەبێ هەموولایەک بزانن ئەرکی وان قورستر لە ئەرکی هەموانە. ئەوان هەر ئەوەندەیان لەسەر نییە کە ئامادەی باسو دانیشتن دەگەڵ هێزەکانی دیکەی نێو بزووتنەوەی سەرانسەریی ئێران بن. ئەرکی لە پێشتری ئەوان دانیشتن و باسو وتووێژی بێ ماندوو بوونو بێ پسانەوەو بێ هەڵاواردن دەگەڵ یەکترە، بۆ ئەوەی قسەی خۆیان لەسەر داخوازەکانی خەڵکی کوردستان بکەنە یەکو بە یەک دەنگو یەک وتارو یەک نوێنەرایەتی بچنە نێو کۆڕی هێزە سیاسییەکانی دیکەی ئێران. هێزە کوردییەکان بێ بەشداری لە بزووتنەوەی سەرانسەریدا ناتوانن چاوەڕوانی دەسکەوتێک لە ئاڵوگۆڕەکانی داهاتووی ئێران بنو بە بێ یەکگرتنیش هەم نەخشێکی کەمو هەم سەنگێکی کەمو لە ئاکامدا هەم دەسکەوتێکی کەمیشیان بۆ گەلەکەیان پێ دابین دەکرێ.

**ئێران وڵاتی جۆراوجۆرییە ئایینی‌و مەزهەبی‌و نەتەوەییەکانە. سیستمێک لە دوارۆژی ئێراندا شانسی مانەوەو سەرکەوتنی دەبێ کە هەموو جۆراوجۆرییەکانی کۆمەڵ ببینێ و مافە ڕەواکانیان بەڕەسمی بناسێ‌و دابینیان بکا**

**هێزە کوردییەکان بێ بەشداری لە بزووتنەوەی سەرانسەریدا ناتوانن چاوەڕوانی دەسکەوتێک لە ئاڵوگۆڕەکانی داهاتووی ئێران بنو بە بێ یەکگرتنیش هەم نەخشێکی کەمو هەم سەنگێکی کەمو لە ئاکامدا هەم دەسکەوتێکی کەمیشیان بۆ گەلەکەیان پێ دابین دەکرێ**

بە کورتی ئەگەر هەوڵدان بۆگۆڕینی ڕێژیم ئەرکی سبەینێمان بێ، هەوڵی ساغ بوونەوە لەسەر سیستمی دواڕۆژ ئەرکی ئەمڕۆمانەو ئەو ساغ بوونەوەیەش بێ بەشداریی هەموو لایەنە سەرەکییەکان نەدەکرێ‌و نە ئەگەر بکرێ، بەهرەدارو پایەدار دەبێ.

بەو ئاواتە کە بە هەوڵی هەمووان کارێک بکرێ کە نە ئاکامی ئەزموونی دووی ڕێبەندانی ١٣٢٤ مان لێ نوێ بێتەوەو نە ئەزموونی ٢٢ی ڕێبەندانی ١٣٥٧ مان لێ دووپات بێتەوە. کەوایە، پێکەوە بۆ بەرنامە ڕێژی‌و نەخشە دانان بۆ بزووتنەوەیەکی بەرینتر کە هەموو پێکهاتەکانی ئێران لە سەرخستنیدا بەشدار بن‌و هەمووشیان لە دەسکەوتو بەرهەمەکانی بەرخوردار .

سڵاو لە یادی دامەزرانی کۆماری کوردستان‌و دامەزرێنەرانی‌و لە سەرووی هەموویانەوە پێشەوا قازی محەممەد.

سڵاو لە حیزبی دێموکراتی کوردستان، حیزبی پێکهێنەری کۆماری کوردستان.

سڵاو لەخۆڕاگریی قارەمانانی مەیدانی مافخوازی‌و نێو بەندیخانەکانی کۆماری ئیسلامی.

نەمری بۆ گیانی هەموو شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری.

یەکرێزی بۆ خەباتگێڕانی ڕێگای ئازادی‌و دێموکڕاسی‌و یەکسانی.

دەفتەری سیاسی حیزبی
دێموکڕاتی کوردستان

## بێ دەنگییەکی سیستماتیک لە بەرانبەر سەرکوتی خەڵکی کوردستان

سمایل شەرەفی

چوار ڕێکخراوو ئەنجومەنی دیفاع لە مافی مرۆڤی کوردستان* داوا لە ناوەندە نێونەتەوەییەکانی دیفاع لە مافی مرۆڤ، ڕاگەیەنە فارسییەکان و هەروەها حیزب و لایەنە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکەن کە لە بەرانبەر سەرکوتکردنی خەڵکی کوردستان لە لایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییەوە هەڵوێستی جیدی بگرن.

ئەم ڕێکخراوانە لە بەیاننامەیەک دا وێڕای ئاماژەدان بە سەرکوت، گرتن و داسەپاندنی سزای قورس بە سەر چالاکانی سیاسی و مەدەنیی کوردو هەروەها ئیعدامی تێکۆشەران و بە گشتی بارودۆخی مافی مرۆڤ لە کوردستان، بە توندی ڕەخنە لە کۆڕو ناوەندەکانی موددەعیی مافی مرۆڤ لە ئێران دەگرن کە لە بەرانبەر سەرکوتی خەڵکی کوردستان دا بێدەنگن.

مافی مرۆڤ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ماوەی سێ دەیەی ڕابردوودا لە چاو شوێن و ناوچەکانی دیکەی ئێران هەمیشە زیاتر ڕووبەرووی پێشێلکاری بۆتەوە. بەڵام بە پێچەوانەی ئەوەی چاوەڕوان کراوەو دەکرێ، هەمیشە لە لایەن ناوەندەکانی مافی مرۆڤ و ڕاگەیەنە گشتییەکانەوە کەمترین سەرنجی دراوەتێ و تائێستاشی لە گەڵدابێ زۆر جار لە بەرانبەر سەرکوتی خەڵکی کوردستان دا بێدەنگییەکی سیستماتیک ڕەچاو کراوەو دەکرێ.

ئەگەر چاوێک بە بارودۆخی مافی مرۆڤی کورد لە ماوەی چەند مانگی ڕابردوودا بخشێنین، سەرەڕای سەرکوتی لە ڕادەبەدەری خەڵکی مافخوازی کوردستان و گرتنی بە دەیان کەس لە چالاکانی سیاسی و مەدەنی و بەڕێوەچوونی حوکمی دوو کەس لەزیندانیانی بە مەرگ مەحکوومکراو، بێدەنگی و بێ هەڵوێستییەکی بەرچاو لە لایەن کۆڕو ناوەندەکانی موددەعیی بەرگری لە مافی مرۆڤ و ڕاگەیەنەکانەوە هەست پێ دەکرێ. بەتایبەت ئەوەی ئەم چوار ڕێکخراوو ئەنجومەنە لە پێوەندی لەگەڵ بێ هەڵوێستی لە بەرانبەر سەرکوتی خەڵکی کوردستان دا ئاماژەی پێ دەکەن کۆڕو ناوەندەکانی دیفاع لە ماڤی مرۆڤی نەتەوەی باڵادەست و ڕاگەیەنە فارسی زمانەکانن.

هەر ئێستا نزیک بە ٢٠ کەس لە زیندانیانی سیاسی و مەدەنیی کورد لە لایەن دادگاو ناوەندە ئەمنییەتییەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە حوکمی ئیعدامیان بە سەردا سەپاوەو هەر لە ماوەی یەک حەوتووی ڕابردوودا جیا لە ئیعدامی دوو کەس لە تێکۆشەرانی کورد بە ناوەکانی فەسیح یاسەمەنی و شیرین عەلەم هوویی، لە شارەکانی خۆی و ماکۆ بە دەیان کەس لە چالاکانی مەدەنی لە شارەکانی سەقزو سنە ڕەوانەی گرتووخانە کراون کە تا ئێستاش چارەنووسیان ناڕوونە. بەڵام جیا لە چەند کەمپەینێکی لۆکاڵی و چەند دەزگایەکی ڕاگەیاندنی بەرتەسکی کوردی، هیچ کۆڕو ناوەندێکی جیهانیی پشتیوانی لە مافی مرۆڤ و هیچ ڕاگەیەنێکی فارسی زمان، سووکە ئاوڕێکیان لەم هەمووە سەرکوت و پێشێلکارییە نەداوەتەوە.

هەروەک لە هەڵوێستی ئەم چوار ڕێکخراوو ئەنجومەنە کوردییەدا هاتوە: بێ دەنگی و بێ هەڵوێستیی ئەم ناوەندو کۆڕو ڕاگەیەنانە، نەتەنیا ژێر پێ خستنی ئوسوول و ئەخلاقی پیشەیی و مرۆڤدۆستانەی خۆیانە، بەڵکوو ناڕاستەوخۆ هاندان و دەست ئاوەڵەهێشتنەوەی سیستمی سەرکوتی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە بۆ هەرچی زیاتر سەرکوتی خەڵکی کوردستان.

ڕەخنەیەکی دیکە کە هەر لەم پێوەندییەدا زۆر جار لە لایەن کۆڕو ناوەندەکانی دیفاع لە مافی مرۆڤی کوردستان و لایەنەسیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە دێتە گۆڕێ، ڕوو لە ئازادیخوازانی ئێرانی و ڕۆشنبیرانی فارس دەکا. لە گەڵ ئەوەکە خەڵکی مافخوازی کوردستان و ڕۆڵە تێکۆشەرەکانی بۆ خەبات دژ بە دوژمنی هاوبەشی هەموو ئازادیخوازانی ئێران (کۆماری ئیسلامی ئێران) هەمیشە لە ریزەکانی پێشەوەدا بوون و زۆرترین قوربانییان داوە، بەڵام وەک شایانی نەتەوەیەکی ئازادیخوازی وەک نەتەوەی کوردو ڕۆڵەکانییەتی، کەم وا هەبووە لە لایەن ئازادیخوازانی ئێرانی و کۆڕو ناوەندەی دیفاع لە مافی مرۆڤ و ڕاگەیەنەکانی فارسی زمانەوە گرینگیی خۆی پێ بدرێت و لە بەرانبەر سەرکوت، زیندانی کردن و ئیعدامی تێکۆشەرانی دا هەڵوێست گیرابێ.

درێژەدان بە بێ هەڵوێستی و بێ دەنگی لە بەرانبەر سەرکوتی خەڵکی کوردستان و گرتن و ئیعدامی ڕۆڵەکانی دا لە زۆر ڕووەوە دەتوانێ شوێنەواری گەلێک مەنفی لێ بکەوێتەوە:

هەروەک تا ئێستا سەلمێنراوە لە قۆناغی یەکەم دا دەتوانێ دەستی سیستمی سەرکوتی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە سەرکوتی خەڵکی کوردستان دا بە ئاوەڵایی بهێڵێتەوەو لە درێژخایەنیش دا مەیل بۆ دابڕان لە ئێران لە نێو کۆمەڵگای کوردستان دا زیاتر لە هەمیشە بە هێز بکا.

لێرەدا ئەرکی حیزب و لایەنە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ڕووناکبیرانی کوردو دەزگاکانی ڕاگەیاندنی کوردییە کە، هاوکات لە گەڵ جیدی بوون لەسەر گەیاندنی دەنگی مافخوازانەی خەڵکی کوردستان و بە تایبەت بارودۆخی مافی مرۆڤی کوردستان بە کۆڕو کۆمەڵە نێونەتەوەییەکانی دیفاع لە مافی مرۆڤ، لە ڕێگای جۆراوجۆرەوە لایەنە ئێرانییەکان: کۆڕو ناوەندەکانی پشتیوانی مافی مرۆڤ، ڕووناکبیران و ڕاگەیەنە فارسی زمانەکان تێ بگەیەنن کە، بۆ پووچەڵکردنەوەی سیاسەتی سەرکوتکارانەی ڕێژیم و پێکهێنانی متمانە واز لە بێ هەڵوێستی و بێ دەنگی بێنن.

*یەکیەتی بنەماڵەی چالاکانی بەندکراو
– ئەنجومەنی ژنانی ئازەرمێهری کوردستان
– ڕێکخراوی دژی ژینۆسایدی کورد
– کەمپەینی دیفاع لە زیندانیانی سیاسی و مەدەنیی کورد

# کۆماری کوردستان لە نێوان قانوون و ئیرادە دا

مستەفا مەعرووفی

لە نێوان ئەم باسە نە باسێکی قانوونییەو نە دەروونناسی، بەڵکوو باسێکی سیاسی و مێژوویی یە. لەم چەند دێڕەی دوایی دا باس لە وەدیهاتنی ئیرادەی نەتەوەیەک دەکرێ کە هەرچەند بۆ ماوەیەکی کورتیش بێ، گوێی نەدایە کەندو کۆسپە قانوونی و سیاسییەکانی ئەوکات و خۆی سەپاندو خۆی سەلماند، لە بۆتەی ئەزموون و تاقیکردنەوەدا نموونەیەکی سەرکەوتوو و سەربەرزانەی بەدەستەوە داو، شانازییەکی گەورەی بۆ نەتەوەی کورد بەدی هێنا. بە پێی توانا هەوڵ دەدرێ وێڕای ئاماژە بە دەسکەوت و شانازییەکانی کۆمار لە روانگەیەکی دیکەوە باس لە کەموکووڕییەکانیشی بکرێ و هۆی ئەم کەموکوڕییانەش وەڵام بدرێنەوە.

راستییەکەی ئەوەیە کە کۆماری کوردستان ئەگەر هەلومەرجی دوای شەڕی دووەمی جیهانی، پشتیوانیی یەکیەتیی سۆڤیەت لە سەرەتا دا لە کوردو، لاوازیی حکوومەتی ناوەندی لە تاران نەبووایەن، وەک دەسکەوتێکی گرنگ و مێژوویی بۆ کورد وەدی نەدەهات. بەڵام بەو حاڵەش ئەگەر ویست و ئیرادەی نەتەوەی کورد نەبووایەو ئەو هەلومەرجە دەرەوەیی یانەش ئامادە بووایەن، شتێک رووی نەدەدا. هەروەک لە رووخانەکەشی دا دیسان هەلومەرجی نێونەتەوەیی هۆیەک بوون، بەڵام حاشا هەڵنەگرە ئەگەر کەموکووڕیی نێوخۆیی نەبووایە کۆمار زیاتر دەژیا یان هەر نەدەرووخا.

کۆماری کوردستان چ بەچاک چ بە خراپ و چ بە بێلایەنی زۆری لەسەر نووسراوە. دیارە کەم کەس وەک دوکتور قاسملووی شەهید هەم خاڵە بەهێزەکان و هەم خاڵە لاوازەکانی کۆماری کوردستانیان هێناوەتە بەرباس. لە نێو ئەدەبیاتی سیاسیی کورد دا گەلێک باسی دەسکەوتەکانی کۆماری کوردستان کراوە. ئەگەر ئاماژە بە دەسکەوتەکانی کۆمار بکەین دەتوانین لە چەند بوار دا ئاماژەیان پێ بکەین: لە بواری سیاسی دا کۆماری کوردستان یەکەم حکوومەتی کۆماریی کورد بە شێوەی مۆدێرن بووو خاوەنی کابینەی دەوڵەت و سەرکۆماری خۆی بوو. بۆ یەکەم جار لە مێژووی هاوچەرخی کورددا لە رۆژهەڵاتی کوردستان کورد بەسەر چارەنووسی خۆی دا زاڵ بووو ئیرادەی خۆی بەدەستەوە بوو. بۆ یەکەم جار ئاڵای کورد لە سەر بەشێکی ئازادی نیشتمان هەڵدراو بۆ یەکەم جار کورد بوو بە خاوەنی سوپای خۆی، «پێشمەرگە»و پێشمەرگایەتی لە مێژووی کورد دا سەری هەڵدا کە تا ئێستاش هێزی هەرە سەرەکی لە پاراستنی بزووتنەوەی کوردو دەسکەوتەکانیەتی. یەکەم هەنگاوەکانی دیپلۆماسیی کورد لەگەڵ دنیای دەرەوە بۆ ئەوەی مەسەلەی کورد لە چوارچێوەی ناوچەکەی دا قەتیس نەبێ، لەوێوە هەنگاوی کاریگەری بۆ هاویژرا. ئاسایش و ئەمنییەتێکی بێ وێنە لە سایەی کۆماری کوردستان دا باڵی بەسەر ناوچەکە دا کێشابوو.

لە بواری فەرهەنگی دا کۆماری کوردستان «رێنسانس»ێکی وەڕێ خست. ژمارەیەکی زۆر - لەچاو ئاستی نزمی خوێندەواریی ئەوکات - گۆڤارو رۆژنامە بە زمانی کوردی چاپ و بڵاو بوونەوە. یەکەم جار بوو چاپخانە لە پێتەختی کۆماری کوردستان، مەهاباد دادەمەزرا، شانۆی کوردی ئیجرا دەکراو زمانی زگماکی لە قوتابخانە دا دەخوێندراو رێورەسم بە زمانی کوردی دەگیراو سروودی کوردی دەگوترا.

لە رووی ئابوورییەوە، هەلومەرجی ژیانی خەڵکی ناوچەی ژێر دەسەڵاتی کۆماری کوردستان لەچاو ناوچەکانی دیکە زۆر باشتر بوو. کۆماری کوردستان دانوستانی بازرگانیی لەگەڵ یەکیەتیی سۆڤیەت هەبووو لەم بارەیەوە قازانجێکی باشی دەست دەکەوت.

لە رووی کۆمەڵایەتییەوە، کۆماری کوردستان ئاڵوگۆڕێکی باشی لە وەزعی ژنان و لاوان و چین و توێژەکانی کۆمەڵی کوردەواری دا پێک هێناو بە دامەزراندنی دوو رێکخراوی ژنان و لاوان ئەوانی هێنایە نێو مەیدانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کەسایەتیی سیاسی و کۆمەڵایەتیی بەوان بەخشی. لە ئاکامی ئەمنییەت و وەزعی باشی ئابووری دا دزی و رێگری نەمابوو. هاودڵی و یەکیەتییەکی نەتەوەیی بێ وێنە لە نێوان چین و توێژەکانی خەڵکی کوردستان پێک هاتبوو.

ئەمانە هەموویان دەسکەت و شانازیی مێژوویین کە کۆماری کوردستان تۆماری کردوون. بەڵام کۆماری کوردستان لەگەڵ چەند گیروگرفتی قانوونی و سیاسی بەرەوڕوو بووکە بە کورتی ئاماژەیان پێ دەکرێ:

هەرحکوومەتێک چ سەرانسەری و چ هەرێمی، چ گەورە چ بچووک خاوەنی سێ دەسەڵاتی قانووندانان، بەڕێوەبردن و دادەوریە. کۆماری کوردستان هەروەک بە شاهیدیی دۆست و بێگانە، ئازادییەکی نەدیتراوی لە گۆشەیەکی ئێراندا بەدی هێنابووو کەس سەبارەت بە بیروباوەڕی جیاواز لێی نەدەپرسراو زیندانیی سیاسی وجوودی نەبوو. بەڵام دەسەڵاتی قانووندانان(پارڵمان)ی نەبوو. لەگەڵ ئەوە دا پێشەوا قازی محەممەد جێگەی پەسندی - ئەگەر نەڵێین هەموو کەس - زۆربەی هەرە زۆری خەڵکی کوردستان بووو ئەوان لەقەبی «پێشەوا»و سەرکۆماریان پێ دابوو، بەڵام بە هەڵبژاردن نەبببوە سەرکۆمار. ئەم وەزعە بۆ چەند هۆ دەگەڕێتەوە: راستە لە ئێران دا لە ئاکامی شۆڕشی مەشرووتە پارڵمان هەبووو رێبەرانی کۆماریش ئەمەیان دەزانی، بەڵام هەڵبژاردن لەنێو کۆمەڵانی خەڵک دا هێشتا دیاردەیەکی نامۆو تا رادەیەک نەناسراو بوو. چونکە هەڵبژاردن لە ئێران دا زۆر بەسەقەتی بەڕێوە دەچوون و ئەزموونێکی باشیان نەدابووە دەست خەڵک. جگە لەوەی کە مەرجی هەڵبژاردنێکی ئازادیان تێدا نەبووە زیاتر وەک دیاردەکی شار دەچووو لە هەموو جێگەیەکی وڵات بەڕێوە نەدەچووو خەڵکیش راستەوخۆ نوێنەرانی خۆیان هەڵ نەدەبژارد. پاشان کۆماری کوردستان دەرفەت و مەجالی بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنی بۆ نەرەخسابوو ئەگینا بڕیاری لەسەر درابوو. کۆماری کوردستان ئەگەر لەلایەک لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی هەم لەحاڵەتی شەڕو ئامادەباشی دابوو (لە سەقزو سەردەشت) هەم لە وتوویژ، لەلایەکی دیکە لەگەڵ حکوومەتی میللیی ئازەربایجانیش لە کێشەی سنووری و وتوویژ دابوو. نەبوونی رێگاوبان و وەسیلەی هاتوچۆ هۆی دیکە بوون بۆ ئەم مەسەلەیە. جگەلەوەش نەبوونی ئەحزاب و رێکخراوی دیکە کە بتوانن رەقەبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بکەن و کەسایەتییەکی دیکە کە بتوانێ رقەبەرایەتیی پێشەوا قازی مخەممەد بکا هۆیەکی دیکەی بوو. بەڵام هۆی هەرە سەرەکی تەمەنی کورتی کۆمار بوو، کە بەداخەوە تەنیا ١١ مانگ بوو ئەگینا هەم پارڵمانی هەڵ دەبژاردو هەم سەرکۆمار.

کۆماری کوردستان دەوڵەتێکی سەربەخۆی کورد نەبوو. چونکە هەم پێشەوا قازی محەممەد لە یەکەم ژمارەی رۆژنامەی کوردستان دا بە روونی و بە ئاشکرا دەڵێ، ئێمە نامانەوێ لە ئێران جیا بینەوەو داوای مافی خودموختاری لە ئێران دا دەکەین و هەم لە یەکەم مادەی بەرنامە ٨ ماددەیی یەکەی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا لە کاتی دامەزرانی دا باس لە «خودموختاری». « لە نێوخۆی ئێران دا»و «لە سنووری دەوڵەتی ئێران دا» دەکا. بەڵام ئەگەر لەگەڵ دەوڵەتی ئێران لە حاڵی وتوویژ دابوو لە بەرەی سەقزو تارادەیەکیش لە سەردەشت لە حاڵی شەڕ دابووو، خاوەنی هێزی پێشمەرگە یان سوپای میللی بوو نەک بە هەماهەنگی لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی بەڵکوو بۆ پێشگیری لە مەترسی لە بەرامبەر دەوڵەتی ناوەندی دا. حکوومەتێکی خودموختار یان هەرێمێک لە وڵاتێکی فیدراڵ پێوەندییە سیاسی و دیپلۆماسییەکانی لەگەڵ دنیای دەرەوە لە رێگەی وەزارەتی دەرەوەی دەوڵەتی ناوەندییەوە رێک دەخا، بەڵام بە هۆی ئەوە کە نە ئێران وڵاتێکی فیدراڵ بووو نە رێژیمەکەی دێموکرات بوو، کۆماری کوردستان بۆخۆی دیپلۆماسیی خۆی و بازرگانیی خۆی لەگەڵ دەرەوە بەڕێوە دەبرد. ئەم هەلومەرجە دەوڵەتی ناوەندی سەپاندبووی بەر لەوەی کە شێوەیەک بێ لە سیاسەتی کۆماری کوردستان. تەنانەت بەشێکی گرنگ و بەرچاو لە هێزی پێشمەرگەی لە تێکۆشەرانی باشووری کوردستان واتە لەدەرەوەی سنووری ئێران بوون. کۆماری کوردستان یان نەدەبووا دامەزرابووایەو کورد چاوەڕوان بووایە تا رۆژێک حکوومەتێکی دێموکرات لە ئێران دادەمەزرێ و رێگە دەدا کورد خودموختاریی خۆی دابمەزرێنێ، یان دەبووا بەم شێوەیە پارێزگاری لە خۆی کردباو درێژەی بە ژیانی سیاسیی خۆی دابووایە. لە خۆڕا نەبوو لە پێشەکیی بەرنامەی حیزب دا هاتبوو: «هەق نادرێ دەستێندرێ». بۆیە کۆماری کوردستان هێندێک رێوشوێن و قانوونی بەدی هێنان کە لە ئیرادەی نەتەوەیی کوردەوە سەرچاوەیان دەگرت.

**کۆماری کوردستان هێندێک رێوشوێن و قانوونی بەدی هێنان کە لە ئیرادەی نەتەوەیی کوردەوە سەرچاوەیان دەگرت**

ئەم مەسەلە بە رواڵەت دژبەیەکانە زۆر دەرس و ئەزموونی بۆ نەتەوەی کورد تێدان. ئەگەر کۆماری کوردستان لە لایەک خۆی لە چوارچێوەی سنوورەکانی ئێران دا پێناسە دەکرد، لەلایەکی دیکە بەشداریکردنی کوردەکانی باشووری کوردستان بە تایبەتی بارزانییەکان لە کۆماری کوردستان نیشانەی پابەندبوونی کۆماری کوردستان بە بنەما نەتەوەییەکان و گرنگیدان بە چارەنووسی نەتەوەی کورد لە ولاتانی دیکە دابوو و ئەم مەسەلەیەش نابێ دژایەتییان لەگەڵ یەکتر هەبێ. ناکرێ تێکۆشەرو ئازادیخوازی کورد باوەڕی بە مافی نەتەوەی کورد لە وڵاتێک دا هەبێ بەڵام لە وڵاتێکی دیکە باوەڕی پێی نەبێ. بۆیە کۆماری کوردستان بە هەڵە نەچووبووکە وێڕای خەبات بۆ چارەسەری مەسەلەی کورد لە ئێران، بۆ کورد لە بەشەکانی دیکەش بە پەرۆش بوو.

لە کۆتایی دا دەبێ بڵێین ئەگەر کۆماری کوردستان لە وڵاتێکی ئازادو دێموکرات دا پێک هاتبووایە ئەو پارادۆکسانە پێک نەدەهاتن چونکە دێموکراسی نەک هەر دژایەتیی لەگەڵ ئیرادەی هیچ نەتەوەیەک نیە بەڵکوو لە ئیرادەی نەتەوەکانە هەڵ دەقوڵێ.



**کۆماری کوردستان یان نەدەبووا دامەزرابووایەو کورد چاوەڕوان بووایە تا رۆژێک حکوومەتێکی دێموکرات لە ئێران دادەمەزرێ و رێگە دەدا کورد خودموختاریی خۆی دابمەزرێنێ، یان دەبووا بەم شێوەیە پارێزگاری لە خۆی کردباو درێژەی بە ژیانی سیاسیی خۆی دابووایە**

# خوێندنەوەیەک بۆ ململانێیە سیاسییەکانی نێوان هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

مادیح ئەحمەدی

سەرەتا:

کاتێ بیر لە دونیای مۆدێرن و پرۆسەی مۆدێرنیزاسیۆنی کۆمەڵگا(بە هەموو بوارەکانیەوە) دەکەیتەوە، بێگومان یەکەم بابەت کە سەرنجی هەر توێژەر و لێکۆڵەرێک ڕادەکێشێ، کێشە و لەمپەرەکانی بەردەم پرۆسەی مۆدێرنیزاسیۆنە. چونکە مۆدێرنیتە لۆژیکی جیهانخوازییەکی مۆدێرنە و لە هەوڵی دۆزینەوەی ئاڵتەرناتیڤ دایە بۆ ڕابردوو و دیهەوێ دونیایەکی تر ساز بکا کە جیاوازی لەگەڵ دوێنێ هەبێ. لێرەوە پرۆسەی مۆدێرنیزاسیۆنی کۆمەڵگا لە یەکەم هەنگاودا بەرەوڕووی کۆمەڵێک ئاستەنگ دەبێتەوە کە سەرچاوە لە نەریت و کولتووری باوی کۆمەڵگاوە دەگرێ. بۆیە پێشخستنی هەر پرۆژەیەکی مۆدێرن سەرەتا پێویستی بە گۆڕینی ستراکتۆری کۆمەڵگا و ئەقڵیەتی تاکەکان هەیە کە بەرهەمی کۆمەڵێک نۆرم و بەها و یا کولتوورێکە کە زاڵە.

ئەم پرۆسەیە لە وڵاتانی پێشکەتوودا بە بەراوەرد کردن لەگەڵ وڵاتانی جیهانی سێهەم جیاوازی یەکجار زۆری هەیە. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی ئەو ئامرازانەی کە لە پەیوەندی لەگەڵ هەر گۆڕانێکدا لە وڵاتانی پێشکەوتوو و جیهانی سێهەمدا کەڵکیان لێ وەردەگیردرێ.

مەبەست لەم نووسینە، ڕەخنە گرتنە لەو کولتوورەی کە ئەوڕ لە ململانێیەکانی نێوان سوننە و مۆدێرنیتەدا لە کوردستان لە لایەن لایەنگرانی سوننەت و بارودۆخی ئاراییەوە پەیڕو دەکرێ. واتە ڕەخنە کردنی ئەو کولتوورە ناشیرینەی کە ماوەی چەند دەیەیە پانتای سیاسیی کوردستانی داگیر کردوە و پەلەقاژەو بارەباڕی لێکەتووەتەوە.

بەو پێیەی، کوردستان لە ڕووی ژیۆپۆلۆتیکەوە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەڵکەوتووە، بێگومان نەریت و نۆرم باوەکانی ئەم ناوچەیە کاری تێکردوە. بۆیە لێکدانەوەی هەر بارودۆخێک پێویستی بە لەبەرچاو گرتنی ئەو تایبەتمەندیانەیە کە لەم ناوچەیە زاڵە.

لەکوردستاندا هەر کات پرۆژەیەک یا چەمکێک بە دیسکۆرسێکی نوێیەوە دێتە گۆڕێ، لە ئاستێکی گشتیدا لایەنەکان بەسەر دوو دەستەدا دابەش دەبن و پۆزەیشێنی خۆیان پێناسە دەکەن:

١- کۆنەپارێزان و لایەنگرانی نەریت.

٢- ئاڵوگۆڕخوازان و لایەنگرانی مۆدێرنیتە.

١- دەستەی یەکەم ئەو لایەن و تاقم و کەسایەتیانە دەگرێتەوە کە لایەنگری پاراستنی بارودۆخی ئاراین و نایانهەوێ هیچ نوێ گەرییەک بێتە گۆڕێ. چونکە ئەم دەستەیە هەرچەشنە گۆڕانێک بە دژی بەرژەوەندییەکانی خۆیان دەزانن و هەموو شتێکیش لەو ڕوانگەیەوە پێناسەو شرۆڤە دەکەن. ئەقڵیەت و بیرکردنەوەی ئەم دەستەیە بەردەوام لە چوارچێوەیەکی سنووردراردا دەخولێتەوەو لەم سونگەیەشەوە سەیری دەورووبەر و دەرەوەی خۆیان دەکەن. واتە لە دەرەوەی پێکهاتە و بیرکردنەوەی خۆیان، پراکتیک و باندۆرری هاوکێشەکان لێک نادەنەوە. بۆیە لە وەها بەستێنێکدا گوێگرتن بۆ ویست و داخوازییەکانی کۆمەڵ و ئەوانەی لە دەرەوەی ستراکتۆری ئەواندان هیچ بایەخ و پێگەیەکی نییە. واتە ئەم دەستەیە بە هەموو شێوەیەک هەوڵدەدەن فەزاکە یەکدەست بکەن و لە دەرەوەی بیر کردنەوە خۆیان هیچ بیرێکی جیاواز ناخوێننەوە. ئەوانەش کە وەک ئەوان بیر ناکەنەوە تۆمەتبار دەکەن و بە ئەدەبیات و شێوە ئاخاوتنێکی نالۆژیکی و نا ئەقڵانی بەرەوڕووی دەبنەوە.

ئەم دەستەیە لە دەرەوەی بازنە ئاڵوگۆڕەکانن و بەگوێرەی کۆمەڵێک پێوەر و چەمک کە چەند دەیە لەوەپێش ڕەنگە کۆمەڵێک بەردەنگی خۆی هەبوو بێ، بەرەوڕووی کێشەکانی ئێستاو گۆڕانکارییەکان دەبنەوە.

٢- دەستەی دووهەم ئەو لایەن و هێزانە دەگرێتەوە کە ڕەخنەگری بارودۆخی ئاراین و دەیانهەوێ ئەم بارودۆخە بگۆڕن. ئەم دەستەیە بە هێنانە ئارای کۆمەڵێک پرۆژەو وروژاندنی بابەت و چەمکی نوێ هەوڵی گۆڕانکاری لە ستراکتۆری کۆمەڵگا دەدەن و بەرەوڕووی ئاڵوگۆڕەکان دەبنەوەو ئەگەرەکان لەبەرەم خۆیاندا ڕیز دەکەن. ئەم بەرەیە لە هەوڵی ئەوەدایە کە لە هەموو دەرفەتەکان کەڵک وەربگرێ و بوون و قورسایی خۆی لە ناو هاوکێشەکاندا مسۆگەر بکا. ئەم بەرەیە بە پێی ئەوەی ئامرازەکانی نوێن و لە ڕوانگەیەکی فرە ڕەهەندییەوە چاو لە هاوکێشەکان دەکا، توانیویەتی بەردەنگی خۆی بدۆزێتەوەو سەرنجی کۆمەڵگا(بە هەموو چین و توێژەکانیەوە) بۆ لای خۆی ڕابکێشێ. هاوکاتیش زۆر بە توندی کەتووەتە بە پەلاماری دەستەی یەکەمەوە کە بەژەوەندی خۆیان لە پاراستنی بارودۆخی ئارایيدا دەبینن.

ئەگەر بە وردی چاو لە بابەتەکە بکەین ئەم دوو دەستەیە لە ئاستێکی گشتیدا لە پانتای سیاسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە شێوەیەکی فەرمی بوونیان هەیە و لە ململانێدان لەگەڵ یەکدی.

ئەوەی لێرە گرنگە کارانەوەو دژکردەوەی ئەم دوو بەرەیە بەرانبەر بە یەکتر و هەر وەک باس کرا پۆزەیشنی هەر دووڵاش ڕوون و پێناسە کراوە.

لای دەستەی یەکەم، حیزب و بارەگاکانی وەک مزگەوت و تەکیە و خانەقا سەیر دەکرێ و ڕێبەرانی حیزبیش وەک شێخ و مەلائیکەیان لێ هاتووە. لای ئەم دەستەیە بڕیارات وەک فتوای لێهاتووە و تریبوونەکان بوونەتە مێنبەری خۆتبەکانی کاربەدەستانی حیزبی. واتە هەموو شتێک پیرۆزە و هیچ چەشنە ڕەخنەیەک قبوول ناکەن. لای بەرەی دووهەمیش حیزب ئامرازێکە بۆ گەیشتن بە مەبەستەکان و هیچ چەشنە پیرۆزییەتێکی نییە و ڕێبەرانیش نەشێخ و نە مەلائێکە و تریبوونەکانیش نەبوونەتە مێنبەری خۆتبە و فتوا و ڕەخنەگرتنیش وەک بابەتێکی ئاسایی لێهاتووە.

شەڕ و ململانێ دەستەی یەکەم، شەڕێکە دژی بەرەی دووهەم و هەموو چالاکییەکانیان لەو بازنەدایە و زۆر بە دەگمەن ئاوڕ لەو مەبەستانە دەدرێتەوە کە پێویستی سەرەکی خەڵک و کۆمەڵگایە. بە پێچەوانەی ئەم دەستەیە، بەرەی دووهەم کە پابەندە بەو پرنسیپانەی کە ئەوڕۆ باون کار لەسەر ئەو ڕووداوانە دەکا کە پێوەندییان پێوە هەیە و دەیهەوێ لەو مەیدانەدا دەور بگێڕێ. لە ڕاستیدا ئەم دەستەیە نایهەوێ لە ڕەوتی ئاڵوگۆڕەکان بەجێ بمێنێ و تەنیا سەیر کەر بێ، بەڵکوو دەیهەوێ دونیایەکی دیکە ساز بکا کە جیاوازی هەبێ لەگەڵ دوێنێ.

لای دەستەی یەکەم ئەوانەی کە لە دەرەوەی ئەو بیر کردنەوەی ئەوان چالاکن وەک کافر و لادەر سەیر دەکرێن و بۆ پەلاماردانیان پەنا دەبرێتە بەر ناشیرینترین ئامرازەکمان. لە درۆ بۆختان و چەواشەکارییەوە بگرە تا دەگاتە وەلانان و سڕینەوەی فیزیکی. ئەمە ئەو چوارچێوەیە کە دەستەی یەکەم تێدا هەڵسووڕانی هەیە.

ئێستا بمانهەوێ و نەمانهەوێ ئەم ململانێیە لە ئاست هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا دروست بووە.

کێشەی نێوان ئەم دوو لایەنە لە ڕاستیدا وەک کێشەی نێوان جەهل و زانایی لێهاتووە. واتە لایەنی یەکەمی کێشەکە کە لایەنگرانی نەریت دەگرێتەوە هیچ توانایی ئەوەی نییە لە ئاستێکی سیاسیی جیددیدا بە کەڵک وەرگرتن لە کۆمەڵێک ئامرازی مۆدێرن ململانێیەکی مەعریفی و سیاسی دەست پێی بکا. لە ڕاستیدا ئەم دەستەیە بۆ بەرەوڕوو بوونەوە لە چەکە ژەنگاوییەکانی نەریت کەڵک وەردەگرن و بە درۆ و بۆختان خۆیان تەیار دەکەن. بە پێچەوانەی ئەم دەستەیە، دژکردەوەی بەرەی دووهەم بەرانبەر بە ڕاستییەکانی دەورووبەریان دوورە لە هەرچەشنە وەلانان و سڕینەوەیەک. ئەوەی لای ئەم دەستەیە گرنگە خوێندنەوەیەکی واقیعبینانەیە بۆ ئاڵوگۆڕەکان. چەکی ئەم دەستەش ئەقڵانیەت و لۆژیکێکە کە هەموو تاکێکی نوێخواز دەتوانێ خۆی تێدا ببینێتەوە.

ئاکام:

بە هەرحاڵ ئەم ململانێیە لە کوردستاندا هاتووەتە گۆڕێ. کێشەکە دەکرێ وای پێناسە بکەین کە کێشەی نێوان سوننەت و مۆدێرنیتەیە. لێرەدا گەورەترین کۆسپی بەردەم لایەنگرانی مۆدێرنیزە کردنی کۆمەڵگا ئەو دەستەیەیە کە بە هەموو شێوەیەک هەوڵ دەدەن لە قاوغی ڕابردوودا بمێننەوە. بەڵام ئەوەی لێرە گرنگە ئێرادە و مەیلێکی گۆڕانخوازانەیە کە لە ناخی کۆمەڵگادا چەکەرەی کردوە. ئەمەش فاکتەرێکی بەهێزە بۆ ئەوەی ئەو هێزانەی ڕەخنەگری بارودۆخی ئاراین پشتی پێ ببەستن و بڕۆنە پێشێ. بەو پێیە کە ئێستا ئێرادە و مەیلێکی گۆڕانخوانە لە خودی کۆمەڵگادا بوونی هەیە، دەستەی یەکەم کە لایەنگرانی سوننەت و جەهل دەگرێتەوە کەوتووەتە پەلەقاژە و هیچ شانسی سەرکەوتنی نییە. ئەوەی دەتوانێ ڕەوتێکی خێرا ببەخشێ بەم ئاڵوگۆڕانەو بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵگا دەستەبەر بەرەی دووهەمە کە پێویستە ڕۆژ بە ڕۆژ خۆی زیاتر نوێ بکاتەوەو بە هەموو شێوەیەک پەل و پۆ بهاوێ.

> **پێشخستنی هەر پرۆژەیەکی مۆدێرن سەرەتا پێویستی بە گۆڕینی ستراکتۆری کۆمەڵگا و ئەقڵیەتی تاکەکان هەیە کە بەرهەمی کۆمەڵێک نۆرم و بەها و یا کولتوورێکە کە زاڵە**

> **مۆدێرنیتە لۆژیکی جیهانخوازییەکی مۆدێرنە و لە هەوڵی دۆزینەوەی ئاڵتەرناتیڤ دایە بۆ ڕابردوو و دیهەوێ دونیایەکی تر ساز بکا کە جیاوازی لەگەڵ دوێنێ هەبێ**

# شەپۆلەکانی فیمینیزم

ئامادەکردن و وەرگێران: باران ڕۆژهەڵات



فیمینیزم یا هزری فیمینیستی لە چ کاتێکەوە هاتۆتە ئاراوە؟ ئەدرۆ وینسێنت لە سەر ئەو باوەرەیە کە چوار بۆ چوون لەسەر سەردەمی سەرهەڵدانی هزری فیمینیستی بوونی هەیە:

١ - مێژووی فیمینیزم بۆ سەرەتایی چەقەرەکردنی ئاگایی مرۆڤەوە دەگەڕێتەوە. سوزان گریفین لە کتێبی «ژنان و سرووشت» و ئاندرە میشێل لەکتێبی» فیمینیزم»دا پێداگریی لەسەر ئەو ڕوانگەیە دەکەن. ئەوان هەوڵ دەدەن لە سەردەمی کۆنی پێش مێژووە تاوتوێی فیمینیزم بکەن.

٢- مێژووی فیمینیزم بۆ سەرەتای سەدەی ١٥ی زایینییەوە دەگەڕێتەوە. ئەو جۆرە ڕوانگەیە لە کتێبی «شاری بانوان» لە نووسینی کریستینا دوپیزان سەرچاوەی گرتوە.

٣- مێژووی فیمینیزم بۆ سەدەی ١٧ دەگەڕێتەوە. ئافرابن(١٦٨٠-١٦٤٠) ڕۆڵێکی کاریگەری لەسەر بیچم گرتنی ئەو بۆچوونە هەبووە.

٤- مێژووی فیمینیزم دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی سەدەی هەژدەیەم و دوای شۆڕشی فەرانسە. ئەو بۆچوونە بە هێزترین ڕوانگەیە لە مەڕ مێژووی سەرهەڵدانی فیمینیزم دێتە ئەژمار و وینسێتیش پتر جەخت لەسەر دروستیی ئەو ڕوانگەیە دەکاتەوە . خاتوو مێری ولستۆن کرافت بە نووسینی کتێبی «حەقانییەتی مافەکانی ژن» لە ساڵی ١٧٩٢ بەرچاوترین کەسە کە توانیویەتی لەو قۆناغەدا فیمینیزم بێنێتە ئاراوە.

دوای شۆڕشی فەرانسە فیمینیزم خاوەن ٣ شەپۆلی گرینگ بووە. ئەو شەپۆلانە لە سەرەتاوە بە حاڵەتی میانەڕەوی سەریان هەڵداوو دواتر حاڵەتی ئیفراتیان بە خۆیانەوە گرت و ئەمڕۆکە بە شێوەیەکی تەعدیل کراو بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان ڕێگایان درێژە پێدەدەن.

شەپۆلی یەکەم:

شەپۆلی یەکەم لە ساڵی ١٨٣٠ دەست پێکرا. مێری ولستۆن کرافت بە نووسینی کتێبی «حەقانییەتی مافەکانی ژن» کاریگەرییەکی سەرەکی لەسەر ئەو شەپۆلە دانا. لە دوای ناوبراو جان ئیستوارت میل بە هاوکاریی هاوسەری یەکەمی هێری تیلور کتێبی» بەستراوەیی ژنان» لە ساڵی ١٨٦٩ دەنووسێ کە ئەو کتێبەش کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر ئەو شەپۆلە جێ هێشت. نووسینی ئەو کتێبە لە سەردەمێک دابوو کە ژنان لە سەردەمی ویکتوریا بە توندترین شێوە لە ژێر سەرکوت و چەوساندنەوە دا بوون. دەکرێ بڵێین کە لە ئەساس دا هزری لیبرالیزمی کلاسیک هۆکاری سەرەکیی سەرهەڵدانی ئەو شەپۆلە لە قەڵەم دەدرێ. هزرێک کە لە ڕوانگەکانی جان لاک سەرچاوەی گرتبوو. پەرەپێدانی مافە مەدەنی و سیاسییەکان بە تایبەت دانی مافی دەنگدان بە ژنان، ویست و ئامانجی ئەسڵیی ئەو شەپۆلە دەهاتە ئەژمار. هەڵبەت جیا لەو ئامانجە ئەسڵییە هێندێک ئامانجی لاوەکییش بەدیی دەکران کە بریتی بوون لە دەستپێڕاگەیشتنی ژنان بە کاروباری فێرکاری و باشتر کردنی پێگەی ژنانی هاوسەردار لە یاسا دا، یەکسانیی ژنان لەگەڵ پیاوان لە مەڕ مافی جیابوونەوە و مژارەکانی پێوەندیدار بە تایبەتمەندییە جنسییەکانی ژنان و . لە دەیەی ١٩٢٠، ژنان توانیان بە ئامانجی سەرەکییان واتە مافی دەنگدان بگەن و ئەوە بوو بە هۆی ئەوە کە لە ساڵانە دا ئیتر چالاکیی فیمینیستەکان تا ڕادەیەک ڕاوەستان بە خۆیەوە ببینێ و جیا لە کارو چالاکی لە پێناوی ئاشتیدا، چالاکییەکی ئەوتۆیان نەبووە.

هەڵبەت گەیشتن بە مافی دەنگدان، تەنیا هۆکاری ڕاوەستانی چالاکیی فیمینیستەکان نەبوو، بەڵکو لە ئەساس دا هەلومەرجی

ل ٨

# فشاری دامەزراوەی سەربازی و پاشەکشە کردنی AKP

حەسەن شێخانی

ئەگەر سەیری رووداوەکانی یەک ـ دوو مانگی دوایی باکووری کوردستان و تورکیە بکەین بۆمان دەردەکەوێ کە سیناریۆیەکی نوێ لە دژی بزاقی کورد هاتۆتە ئارا. بەشەکانی ئەم سیناریۆیە یەک لە دوای یەک جێبەجێ کران. بەشی یەکەمی ئەم سیناریۆیە گواستنەوەی عەبدوڵڵا ئۆجەلان لە زیندانێکەوە بۆ زیندانێکی دیکەو خراپتر بوونی هەل و مەرجی ژیانی ناوبراو بوو. بەشی دووهەم داخستنی پارتی کۆمەڵگەی دێموکراتیک (DTP) بوو. بەشی سێهەمیش دەستبەسەر کردن و زیندانی کردنی ژمارەیەکی بەرچاو لە سیاسەتمەدار، شارەدار و بەرێوەبەرانی DTPی داخراو بوو کە تا ئێستاش ئەم گرتن و دەستبەسەرکردنانە هەر بەردەوامن.

AKP دەیویست DTP وەک پارتێکی مارژینالی کوردی بجووڵێتەوەو دوای ئەوەی نەیتوانی کەلەبەرێک لە نێوان باڵەکانی بزاقی کورددا دروست بکاو DTP لە دژی باڵی چەکداری بزاڤ بخاتە گەڕ، لەمەڕ داخستنی DTP لە لایەن دادگای قانوونی بنەرەتیی تورکیەوە لانی کەم بێدەنگیی هەڵ بژارد (ئەگەر نەڵێین رەزامەندیی نیشان دا). دواتریش AKP لە هەمبەر پەلاماردان و شاڵاوی دەستگیر کردنی کەسایەتییەکانی کورد هیچ دژ کردەوەیەکی لە خۆی نیشان نەدا. هەروەها لەم دواییانەدا بۆمبارانی ناوچەکانی سەر سنوور و «هەرێمەکانی پاراستنی میدیا» بە شێوەیەکی بەرچاو پەرەی سەندوە کە هەمووی ئەمانە سەلمێنەری ئەوەن کە پارتی دەسەڵاتدار لەم رووداوانەدا بێتاوان نیەو پێدەچێ سەبارەت بە هێندێک مەسەلە لەگەڵ سوپادا بەرێککەوتن گەیشتبێ.

لێرەدا ئەم پرسیارانە دێنە ئارا کە ئامانجی AKP لە چەشنێک یارمەتیدانی لایەنی ئۆلیگارشیک لەم کردەوانەدا چیە؟ بۆچی دەسەڵاتی تورک توانی بەشەکانی سیناریۆی ناوبراو یەک لە دوای یەک جێبەجێ بکا؟ ئایا دژ کردەوەی کوردان لە ئاستی پێویست دا بوو؟

AKP لە سەرتای هێنانە ئارای پرۆژەی کرانەوە بە رووی کورددا جیدییەت و بوێری پێویستی بۆ چارەسەر کردنی پرسی کورد لە خۆی نیشان نەدا. لە ژێر فشاری دامەزراوەی سەربازی دا ناوی پرۆژەکەی بۆ کرانەوەی دێموکراسی و دواتریش بۆ پرۆژەی یەکیەتیی نەتەوەیی (نیشتمانی) گۆڕی. بەم شێوەیە دەستەواژەی «کوردی» لە ناوی پرۆژەکەی سڕیەوە. سەرەڕای پروپاگەندەیەکی زۆر ئەم پرۆژەیە لە هێندێک هەنگاوی سەرەتایی و فۆرمالیتەدا قەتیس مایەوە. ئەم پاشەکشە کردن و سستی نواندنە جەسارەتێکی زۆری بە لایەنی ئۆلیگارشیک بەخشی تا بە داخستنی DTP کۆسپێکی جیددی لە بەردەم کرانەوەی دێموکراسیدا دروست بکەن و لەسەر متمانەی خەڵکی کوردستان بە پرۆژەی AKP کاریگەرییەکی نێگەتیڤ دابنێن.

هەموو داتاو دەرکەوتەکان نیشاندەری ئەوەن کە لانی کەم بەشێک لە دەسەڵاتی تورک و تەنانەت رای گشتی تورکیش بەم ئاکامە گەیشتوە کە پرسی کورد گەورەترین پرسی تورکیەیەو ئەگەر ئەم پرسە چارەسەر نەکرێ تورکیە ناتوانێ وەکوو پێویست رۆڵی خۆی بگێرێ و لە رووی ئیستراتیژیک، ئابووری، فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییەوە زیانێکی گەورەی لێدەکەوێ. هاتنە ئارای پرۆژەی کرانەوەی دێموکراسی لە لایەن AKPوە تا رادەیەک ئاکامی هەست کردن بە پێویستی چارەسەر کردنی پرسی کورد بوو. لێرەدا ئەم پرسیارە دێتە ئارا کە بۆچی ئەم پرۆژەیە لەگەڵاً قەیرانێکی جیدددی بەرەوروو بوو؟

ئەلف)بە سەرنجدان بە رووداوەکانی یەکساڵی رابردوو و هەروەها پێکهاتەی سیاسیی تورکیە



بۆمان دەردەکەوێ کە ئەو بەشە لە دەسەڵاتی تورک کە لە دژی چارەسەر کردنی پرسی کوردە باڵادەستیی خۆی پاراستوە و هەر لە سەرەتای هاتنە ئارای پرۆژەی کرانەوەی دێموکراسییەوە دژایەتییەکی توندی ئەم پرۆژەیان کردو سەرەنجام AKPیان ناچار بە پاشەکشە (یان سازش) کرد.

ب) هەر چەند پارتی دەسەڵاتدار بانگەشەی ئەوە دەکا کە پرۆژەیەکی بۆ چارەسەر کردنی پرسی کورد هەیە بەڵام تا هەنووکەش هیچ کەس نازانێ کە نێوەرۆکی ئەم پرۆژەیە چیە و چی لە خۆی دەگرێ. شیمانەی بەهێز ئەوەیە کە AKP سەرەڕای ئەو بانگەشانە هیچ پرۆژەیەکی جیددی و کونکرێت و پلانکراوی بۆ چارەسەری پرسی کورد نەبێ.

ج) هەر چەند پارتی دەسەڵاتدار باس لە چارەسەری پرسی کورد دەکا بەڵام چارەسەرییەک کە ئەوان بانگەشەی بۆ دەکەن لە ئاستی راستینەی دۆزەکەدا نیەو نەتەنیا کوردان رازی ناکا بەڵکوو تارادەیەکیش وەکوو ماست مالیزاسیون و هەڵخەڵەتاندن خۆی دەنوێنێ. بەم هۆیە (هەر وەک لە مەراسیمی پێشوازی کردنی گرووپەکانی ئاشتی دا دەرکەوت) پارتی دەسەڵاتدار نەتەنیا نەیتوانیوە رای گشتیی کورد بۆلای خۆی راکێشێ بەڵکوو زیاتر لە پێشووش پێگەی جەماوەریی خۆی لە باکووری کوردستان لە دەست داوە.

ریاکسیۆنی رای گشتیی کورد دوابەدوای داخستنی DTPو دەستبەسەر کران و گیرانی شارەدارو سیاسەتمەدارانی کورد، خەڵکی کوردستان نارەزایەتییان دەربڕی و بە خۆپیشاندانی گرسەیی و بەرد هاویشتن و.. تووڕەیی خۆیان نیشان دا. خاڵی جێی سەرنج ئەوەیە کە نارەزایەتی و خۆپیشاندانەکانی کورد لە ئاستی پێویست دانەبوون. ئەگەر خەڵکی کوردستان لە جیاتی خۆپیشاندانی چەند هەزار کەسی، خۆپیشاندانی سەدان هەزار کەسییان وەڕێ خستبا، ئەگەر لەدوای دەستگیر کردنی شارەدارو سیاسەتمەدارانی کورد، بەشێکی بەرچاو لە کارمەندەکانی ئیدارەکانی دەوڵەتی مانیان گرتباو لە چوونە سەر کار خۆیان پاراستباو بە کورتی ئەگەر دژایەتییەکی بەربڵاوتر و توندتری ئەو هێرش و شاڵاوانەی دەوڵەتی تورکیان کردبا بێگومان دەوڵەتی تورکیش نەیدەتوانی بە ئاسانی قۆناغەکانی سیناریۆکەی یەک لە دوای یەک جێبەجێ بکاو تا هەنووکەش لەسەر دەستبەسەر کردن و گرتنی کەسایەتییە سیاسییەکانی کورد بەردەوام بێ. پێویست بوو خەڵکی باکووری کوردستان بە ئاوایەکی بەربڵاوتر نیشانیان دابا کە سیاسەتی سەرکوت و هێرش و پەلامار ناتوانێ بزووتنەوەکەیان کز بکاو رێگە لە پەرەسەندنی بگرێ.

بە سەرنجدان بە مێژووی کورد بۆمان دەردەکەوێ یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی درێژخایەن بوونی خەباتی کورد بۆ بەدەستهێنانی مافی چارەی خۆنووسین و نەگەیشتن بەم ئامانجە ئەوەیە کە خەباتی گەلی کورد لە ئاستی پێویست دا نەبووە و تا هەنووکەش خاوەنی کەموکووڕی و لاوازیی جیددییە.

هۆکارێکی سەرەکی بە ئامانج نەگەیشتنی بیست میلیۆن کوردی باکوور سەرەرای ٣٠ ساڵ خەباتی نەپساوە ئەوەیە کە خەڵکی ئەو پارچەیە بەرادەی پێویست ئیرادەی خۆیان بۆ ئازادی نیشان نەداوەو بەم پێیەش نەبوونە خاوەن هێزێکی ئەوتۆ کە داگیرکەری تورک بە تەواوی بە چۆک دابێنن.

ئەگەر تا هەنووکەش دەسەڵاتی تورک مل بۆ داخوازییەکانی کورد راناکێشێ نیشانەی ئەوەیە کە لایەنی کوردی هێزی پێویستی بۆ سەپاندنی داخوازییەکانی نیە.

پڕئاشکرایە فشاری بزووتنەوەی کورد AKPەی ناچار کرد لەو ئاستەدا باس لە چارەسەر کردنی پرسی کورد بکاو بانگەشەی ئەوە بکا کە پرۆژەیەکیشی بۆ چارەسەری ئەم پرسە هەیە. بەڵام لە هەمان کاتدا کەسیش ناتوانێ حاشا لەوە بکا کە پاشەکشە پێکردن و ناچار کردنی زیاتری دەسەڵاتی تورک پێویستی بە فشارێکی زیاتر لە لایەن بزووتنەوەی کوردەوە هەیە.

بە سەرنجدان بە دینامیزمی بزووتنەوەی کوردو پەرەسەندنی رۆژ لە دوای رۆژی ئەم بزووتنەوەیە و لە لایەکی تریش لەبارتر بوونی فاکتەری نێونەتەوەیی پێدەچێ لە دووەمین دەیەی سەدەی ٢١دا دەسەڵاتی تورک ناچار بە پاشەکشەی زیاتر بێت و بەپێی ئەمەش پرسی کورد لە باکووری کوردستان لە چارەسەرێکی بنەرەتی نزیک ببێتەوە.

> **ئەگەر تا هەنووکەش دەسەڵاتی تورک مل بۆ داخوازییەکانی کورد راناکێشێ نیشانەی ئەوەیە کە لایەنی کوردی هێزی پێویستی بۆ سەپاندنی داخوازییەکانی نیە**

## مەحمود عوسمان:
## نابێت کورد لەگەڵ لایەنێک هاوپەیمانی بکات کە دژی بەرژەوەندییەکانی کورد بێت



دکتۆر «مەحمود عوسمان» ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لەسەر لیستی هاوپەیمانی کوردستان جەختی کردەوە، دەبێت هاوپەیمانیی کوردستان چاو بە هاوپەیمانییەکانی‌دا بخشێنێتەوە.

مەحمود عوسمان تایبەت بە رادیۆ زاگرۆس و ئاژانسی پەیامنێری راگەیاند: هاوپەیمانیی کوردستان دەبێت چاو بەو هاپەیمانییانەدا بخشێنێتەوە کە لەگەڵ «حیزبی دەعوە» و «مەجلسی ئەعلا» کردوویەتی، هەروەها ئەو هاوپەیمانییە لاوازەی لەگەڵ «حیزبی ئیسلامی عێراقی» هەیەتی.

ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەران گوتی: ئەم لایەنانە نیشانیان داوە لە کاتی تەنگانە لە ئەنجومەنی نوێنەران، لەگەڵ ئێمە هاودەنگ نین.

دکتۆر مەحمود جەختی کردەوە: «دەبێت لە پێکهێنانی هاوپەیمانی‌دا، باسی گەرەنتییەکان بکرێت، ئەگەر بێت و هاوپەیمانی لەگەڵ لایەنێک بکرێت کە مادەی ١٤٠ و هەندێک مەسەلەی تایبەت بە کورد قەبوڵ نەکات، ئەم هاوپەیمانەتییە، سوودێکی نییە، چونکە ئەگەر لە شتە سەرەکییەکانە لەگەڵمان نەبێت، لە شتی دیکە ناتوانرێت پشتی پێ ببەسترێت.»

مەحمود عوسمان روونی کردەوە: بە ناچاری دەبێت لەگەڵ هەموو لایەک پەیوەندی هەبێت هەروەها دوای هەڵبژاردن دەبێت سەنگی لایەنەکان و هەڵوێستیان بۆ پرسە سەرەکییەکان کورد لەبەرچاو بگیرێت و حیزبە کوردستانییەکان دەبێت بەو پێیە هاوپەیمانی بکەن.

ئەو ئەندامەی ئەنجومەنی نوێنەران هۆشداریی دا: دەبێت هەوڵ بدرێت هاوپەیمانی دژی یەکتر دروست نەکرێت، ئاگاداری هاوپەیمانییەکان بن و هەوڵ بدرێت لە راستایەک بێت کە بەرژەوەندییەکانی کورد بپارێزێت.

مەحمود عوسمان گوتی: ناڵێین کە هەموو شتەکان دروست ئەو شتە بێت کە ئێمە دەمانەوێت، بەڵام وابێت کە لەسەر هەندێک خاڵ یەک بگرینەوە.

دکتۆر مەحمود روونی کردەوە: ناکۆکییەکان ناو هەرێمی کوردستان شتێکی ئاساییە، بەڵام دەبێت لە بەغدا زۆر وریا بین و بەم جیاوازییانەی لەناومان‌دا هەیە، زەرەر لە کێشەی گەلی کورد نەدەین و لە شتە سەرەکییەکان وا رەفتار نەکەین کە لەگەڵ یەک ناهەماهەنگ بین.

# ڕۆژەکانی داهاتووو پێویستیی هاوپێوەندیی کورد لەگەڵ خەڵکی دیکەی ئێران

ئاکار زرێباری

ئەگەرچی کۆمەڵێک کەس و لایەن بەیاننامەی ژمارەی هەڤدەی مووسەوی بە بەیاننامەیەکی میانەڕەوانە دەزانن و منیش پێم وایە کە هەر وایە، بەڵام لە تەنیشتیدا پێشم وایە میانەڕەوانە بوونی ئەم بەیاننامەیەو چەندلایەنە بوونی دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵێک فاکتەری پەیوەندیدار بە دۆخی ڕۆژەوە، نەک پاشەکەشە کردنی مووسەوی. ئەگەر سەرنج بدرێت مووسەوی چەند ڕۆژێک درەنگتر بەیاننامەی ژمارە هەڤدەی بڵاو کردەوە کە مەبەستی هێوربوونەوەی ڕێژەیی بارودۆخەکە بوو. پاشانیش لە ڕووداوی کوژرانی خوشکەزاکەی و لە چەند شوێنی بەیاننامەکەشەوە وا دەردەکەوێت کە تووڕەیی ئوسولگەراکانی دەسەڵات بە شوێنێک گەیشتوە کە شیمانەی هەڕەشەی ڕاستەوخۆی کوژران لە مووسەوی و کەڕوبی و هاوبیرانیان گەلێک زۆرە، بۆ وێنە: "ڕاشکاوانەو بەڕوونی دەڵێم کە فەرمانی لەسێدارەدان و کوشتن و دیلکردنی کەڕوبی و مووسەوی و هاوفکرەکانمان، کێشەکە چارەسەر ناکات". "لەوە ناترسم کە یەکێک لەو شەهیدانە بم کە خەڵک لە دوای هەڵبژاردنەکان بۆ گەیشتن بە مافە ئایینی و نەتەوەییەکانیان پێشکەشیان کردو خوێنی من لە خوێنی ئەو شەهیدانە ڕەنگینتر نیە"و.. . سەرەڕای ئەوەی کە ئەم بەیاننامەیە هەر لە سەرەتاکەیەوە هەوڵ دەدات ڕۆڵی مووسەوی، کەڕوبی و خاتەمی لە سەرهەڵدانەکەی ڕۆژی عاشوورا دا کەم بایەخ بکاتەوە: "ئێمە هیچ ڕاگەیەندراوێکمان نەدا". بەڵام بە لەبەرچاو گرتنی بارودۆخی ڕۆژەکانی دوای عاشووراو ئەوەی کە ڕەنگە خودی مووسەوییش پێشبینیی نەدەکرد دۆخەکە تا ئەم ڕادەیە بچێتە پێش و قەیراناوی بێتەوە، دەبێ بڵێم کە هەرچەند مووسەوی لە نووسینی بەیاننامەکەدا تا ڕادەیەک نەترس بوونی خۆی لە کوژران نەپاراستوەو بەیاننامەکەی مامەڵەهەڵگرانەتر نووسیوە، بەڵام هیچ کام لەمانە نابنە هۆی ئەوەی کە ئەم نارەزایەتییانە لە بۆنە حکوومی و ئایینییەکانی داهاتوودا درێژە نەکێشن (کە لە وەها بارودۆخێکدا لاپەڕەی مەرگی سیاسیی ڕیفۆرمخوازان لە لایەن خۆیانەوە واژۆ کراوە)، کەواتە دەبێ شیمانەی ئەوە بکرێت کە لە ڕۆژەکانی داهاتووشدا ڕووبەڕوو بوونەوەی تەنانەت توندتر لە ڕۆژی عاشوورا لە نێوان ئەم باڵانە ڕوو بدات.

لەم نێوەدا کورد هەتا ئەمڕۆکە، کە زیاتر لە ٦ مانگ بە سەر ئەم نارەزایەتییانەدا دەڕوات، نەیتوانیوە ڕێکارێک بدۆزێتەوە بۆ ئەوەی کە خۆی لە نارەزایەتییەکاندا بەشدار بکات و بوارێکی زۆرتر بۆ هێنانەگۆڕی داخوازەکانی خۆی برەخسێنێت (جگە لە سیاسەتی واقعبینانەی حدک لەم ڕاستایەدا کە شایانی ستایشە)، کە ئەگەر ئەم بارودۆخە هەر بەم شێوە بڕواتە پێش دوور نیە تێیدا زەرەرمەند بێت. پڕ ئاشکرایە کە کورد تا هەوڵ بدات خۆی لە بزووتنەوەی سەوزو نارازییەکانی ئێران نزیک بکاتەوە، زیاتر دەتوانێت لە هاوکێشە سیاسییەکانی داهاتووی ئێراندا، چ سیاسەتی لێکدوورکەوتنەوە بەردەوام بێت و چ لە ناو خۆیاندا بە سازانێک بگەن، ئامادەییەکی زیاترو بەرچاوتری ببێت. ئێمە نابێت لە بیرمان بچێت کە مووسەوی و کەڕوبی دەستیان وەپێش خست لە ڕاکێشانی سەرنجی کورداو لە پڕوپاگەندەکانی پێش هەڵبژاردنەکاندا بە ئاشکرا باسی کێشەی نەتەوە جیاوازەکانیان کرد، شتێک کە تەنانەت لەو کاتەدا کە کورد خەباتێکی چەکدارانەی بەهێزی بەڕێوە دەبرد، دانی پێدا نەدەنرا. بەڵام کورد لە دوای ئەوەی کە لە هەڵبژاردنەکاندا بەشدار بوو و دەنگەکانی لە بەرژەوەندیی ئەواندا خستە سندووق، چیتر تەنانەت سیگناڵێکیشی بە هێمای پشتیوانی نیشان نەداوە. لە کاتێکدا کە ڕەنگە نیشاندانی سیگناڵێک وەک هێمای پشتیوانی، لەمڕۆدا دەتوانێت ڕۆڵێکی کاریگەر بگێڕێت لەسەر ئاوڕدانەوەی ئەم بزووتنەوەیە بۆ مەسەلەی کورد، چ لە ئاستی ڕێبەرایەتیی بزووتنەوەکەو چ لە ئاستی ڕای گشتیی خەڵکدا. کورد بۆ چارەسەریی کێشەکەی پێویستی بە گوێگر هەیە لە ئاستی ناوچەکانی دیکەی ئێرانداو ڕەنگە یەکێک لە باشترین دەرفەتەکان بۆ ڕاکێشانی گوێگر ئەمڕۆکەو لەم بارودۆخەدا پێک هاتبێ. نەتەوەی ئێمە، کە تەنیا ٨ تا ٩ میلیۆن لە حەشیمەتی ئێران پێک دێنێت، بە تەنیا خۆی ناتوانێت لە ئاستی ئێراندا کارێک لە ڕاستای ڕووخانی ڕژیمدا بباتە پێش، ئەمە ڕاستییەکە کە دەبێ بۆ هەموو لایەک ئاشکرا بووبێت. ئێمە پێویستیمان بە ڕاکێشانی گوێگرو دۆست و هاوپەیمان لە نێوخۆی ئێراندا هەیە ئەزموونی ٣٠ ساڵ پەیوەندی لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی سوننەتیی کۆماری ئیسلامی، ئەزموونێکی باشە بۆ کورد کە ئەم ئۆپۆزیسیۆنە نەریتییە (کە زیاتر لە ٣٠ ساڵە لە وڵاتانی ئوروپایی و ئەمریکادا دەژین و پەیوەندییان لەگەڵ خەڵکی ئێران لاوازە)، ناتوانێت ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبێت لە هاوکێشە سیاسییەکانی ناوخۆی ئێراندا.

نامەوێت وتارەکە زۆر درێژ کەمەوە، بەڵام بە شەفافییەتەوە دەبێ بوترێت کە لایەنە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران لە ماوەی ئەم ٣٠ ساڵەدا کە بە شێوەی جۆراوجۆر کاریان لە سەر کۆماری ئیسلامی کردوە، دەبێ بە باشی ئەم ڕاستییانە بزانن. جا باشتر وایەو لە بەرژەوەندیی گشتیی کورد دایە کە لایەنە کوردییەکان واز لە باوەڕە وشک و ئایدیۆلۆژیاییەکانیان بێنن و بیر لە بەرژەوەندییەکانی کورد بکەنەوە. ئەو ئایدیۆلۆژیایەی کە ئێوە خەریکن پەیڕەوی لێ دەکەن بە درێژایی مێژووی کورد توانایی ڕاکێشانی بچووکترین بەرژەوەندی بۆ نەتەوەکەمان نەبووە. ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە هەر وەک بەڕێز خالید عەزیزی، کە نیشانی داوە توانایی کایەکردنی لە هاوکێشەکاندا هەیە، زۆر بە جوانی ئاماژەی پێ کرد کە سیاسەت لەمڕۆدا لە خانەی داخراودا ناکرێت. سیاسەت لە سەر کۆمەڵێک دۆگماو باوەڕی ئایدیۆلۆژیایی ناکرێت، سیاسەت بنەمایەکی دیکەی هەیە بۆ هەموو نەتەوەکانی جیهان، ئەویش خولانەوەیە بە دەوری بازنەی بەرژەوەندیی نەتەوەییدا.

لێرەدا واز لەم باسە دێنم و دێمە سەر مەبەستی سەرەکیی ئەم وتارە، واتە کردنەوەی دەلاقەیەک بۆ باسکردن لە سەر چۆنیەتیی و میکانیسمی بەشداریکردنی کوردو خۆگونجاندن لەگەڵ ئەو بزووتنەوە پان و بەرینە کۆمەڵایەتییەی ئەمڕۆکە بە ناوی بزووتنەوەی سەوز کە لە تێکڕای ناوچەکانی ئێراندا بنەی داکوتاوە. بۆ ئەم مەبەستەش بۆچوونێک دەخەمە ڕوو کە هیوادارم ببێتە سەرەتایەک بۆ وازهێنان لەو گرفتانەی کە لەتبوونەکان بە سەر حیزبەکانیدا سەپاندوەو بیرکردنەوە لە ڕێکارێکی گونجاو بۆ بەشداریکردن و جووڵانەوە لە ڕاستای بەرژەوەندی نەتەوەییدا.

بۆتە کەلتوورێک لە نێو خەڵکی کوردستانی ئێراندا کە بۆ دەربڕینی نارەزایەتییەکانی خۆیان بە دژی کۆماری ئیسلامی هەنووکەیی، دوکان و بازاڕەکان داخەن و بەم شێوە نارەزایەتیی خۆیان بە گوێی دنیای دەرەوەو دەسەڵاتدارانی ئێران بگەیەنن. بەڵام داخستنی دوکانەکان لەمڕۆدا ڕەنگە لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە وەڵامێکی پێ بدرێتەوە کە نرخەکەی زۆرتر بێت لە نیشاندانی سیگناڵی پشتیوانی بە بزووتنەوەی سەوزو خەڵکی ناوچەکانی دیکەی ئێران. بەڵام ئەم بزووتنەوەیە ڕێگایەکی بۆ دەربڕینی نارەزایەتی بە شێوەیەکی دیکە بۆ ئێمە کردۆتەوە، کە ئەویش دیاریکردنی ڕەنگی سەوزە وەک هێمای ئێستایی ئەم بزووتنەوە بەرینە کۆمەڵایەتییە. لەم سۆنگەیەوە پێم وایە کە کورد دەتوانێت بە بێ ئەوەی کە دوکانو بازاڕی شارەکان دابخات، لە ڕێگەیەکی دیکەوە دەنگی خۆی بە خەڵکی دیکە بگەیەنێت، ئەویش ڕازاندنەوەی دوکانەکانە، بێ ئەوەی دابخرێن، بە ئاڵای سەوز. دەکرێت لە ڕۆژی ٢٢ی ڕێبەندانی ئەمساڵدا، یان ڕۆژی چلەی ماتەمینی عاشوورا یاخود هەر ڕۆژێکی دیکە کە دیاری بکرێت، خەڵکی کوردستان بە هەڵواسینی ئاڵای سەوز بە دوکانەکانی خۆیاندا سیگناڵی پشتیوانیی خۆیان بۆ بزووتنەوەی سەوز بنێرن. کە بەم شێوەیە خەڵک تا ڕادەیەک دەتوانن ڕێگا لە هەڵوەشاندنەوەی موجەوزی دوکانەکانیان، یان هەر چەشنە شێوازێکی سەرکوتی دیکە لە کۆماری ئیسلامی بگرن. لەم ڕاستایەدا هێندێک ئۆرگانی یاسایی هەن کە دەتوانن ڕۆڵێکی باش بگێڕن، ئەویش ستادە تەبلیغییەکانی مووسەوی و کەڕوبییە کە لە هەموو شارەکانی کوردستان هەن و دەتوانن عامیلێکی یاسایی بن بۆ بڵاوکردنەوەی ئاڵای سەوز لە ناو دوکاندارەکانداو هاندەرێک بۆ هەڵواسینی ئەم ئاڵایانە لە ڕۆژی مەبەستدا.

لە کۆتاییدا دەبێ ئەوەش بڵێم کە هیوای خەڵکی کوردستان حیزبەکانیانن، دە با حیزبەکانیش لە بیری بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی خەڵکی کوردستاندا بن، نەک هەروا بەردەوام بن لە سەر شەڕکردن لەسەر دۆگماکانیان و ئەو کێشانەی لەتبوونەکان پێکیان هێناوە.

دریژەی

## شەپۆلەکانی فیمینیزم

زاڵ بەسەر ئەو سەردەمە وایکردبوو کە فیمینیستەکان چالاکییەکی ئەوتۆیان نەبێ. سەرهەڵدانی بزاوتە پاوانخوازەکان وەک فاشیزم و نازیسم و ڕوودانی دو شەڕی ماڵوێرانکەری یەکەم و دووهەمی جیهانی، سەرەکیترین هۆکارەکانی لاوازی و کەمرەنگ بوونەوەی ئاستی چالاکیی فیمینیستەکان دێتە ئەژمار.( جێی وەبیرهێنانەوەیە کە نیوزلەند؟ یەکەم وڵات بوو کە بە فەرمی لە ساڵی ١٨٦٣ مافی دەنگدانی بە ژنان داو سویس ئاخرین وڵاتی ئورووپایی بوو کە لە ساڵی ١٩٧١ ئەو مافەی بە فەرمی بە ژنان بەخشی).

شەپۆلی دووهەم:

شەپۆلی دووهەمی فیمینیزم لە دەیەی ١٩٦٠ دەست پێ¬کرا. سیمون دوبووار بە نووسینی کتێبی «ڕەگەزی دووهەم» لە ساڵی ١٩٤٩ و هەروەها بێتی فریدن بە نووسینی کتێبی « ژنی هەڵخەلەتاو» لە ساڵی ١٩٦٣ کاریگەرییەکی بەرچاویان لە سەر هاتنە ئارای ئەو شەپۆلە دانا. لە باقیی بیرمەندانی گرینگی پەیوەست بەو شەپۆلە دەکرێ ئاماژە بکرێ بە کیت میلێت «سیاسەتی جینسی»و»جرمانی گرییر» ژنی خەساو. شەپۆلی یەکەم ببوو بە هۆی باشتر بوونی دۆخی ژنان لە هێندێک بواردا، وەک پەرەپێدانی فێربوون و پەروەردە کردنی دەرفەتی چوونە ژوورەوەی ژنان بۆ هەندیک پیشە، یاسایی بوونی لەباربردنی کۆرپەلە، دانی مووچەی یەکسان بە ژنان، کەڵک وەرگرتن لە مافەکانی مەدەنی بە شێوەی یەکسان و مافی کۆنترۆلی منالبوون و.. باشتر بوونی ئەو بوارانە ببوو بە هۆی ئەوە کە ئیتر بەشێک لە فیمینیستەکان هەنگاوی بەرزتر هەڵێننەوە. ئامانجی سەرەکی و ئەسڵیی فیمینیستەکان لە شەپۆلی دووهەم ڕزگاریی ژن بوو. ئەوان لە سەر ئەو باوەڕە بوون کە وەدیهاتنی یەکسانیی مافە سیاسی و قانوونییەکان لە گەڵ پیاوان هێشتا کێشەی ژنانی چارەسەر نەکردوە. بەم پێیە تەنیا ڕزگاریی ژنان لە دەست نابەرابەرییەکان بەس نەبوو، بەڵکو پێویست بوو کە ژنان لە دەستی پیاوان ڕزگار بکرێن. بەڵام ڕزگاریی ژنانی لە ڕێگای ڕیفۆرمی بەرە بەرە وەدیی نایە بەڵکو پێویستی بە هەنگاوێکی بنچینەیی و شۆڕشێک هەیە. چونکە لە ئەساس دا لە ڕوانگەی فیمینیستەکان ئەو ڕاو بڕوایانەی کە ئیستا هەن جێگای چاکسازی و ڕیفۆرمیان تێدا بەدی ناکرێ.

ڕەخنە گرتن لە زانستی پیاوانە، ڕەخنە گرتن لە ئیدئۆلۆژییە باو و ڕیشەدارەکان وەک پیاو سالاری و پەیمانی کۆمەڵایەتی و ڕەدکردنەوەی ژیانی هاوبەش لە واتایەکی گشتی دا و جەخت کردنەوە لە سەر سەلت مانەوە لە گرینگترین بۆچوون و ڕوانگەکانی فیمینیستەکانی شەپۆلی دووهەم دەهاتنە ئەژمار. فیمینیستەکان لەو قۆناغە دا تا ئاستێک زێدەڕۆییان کرد کە تەنانەت پێداگرییان لەسەر ڕواڵەتی پیاوانە لە جل و بەرگ و خۆڕازاندنەوە دا دەکرد، مۆی سەری کورت و کەوشی بێ پانێ و کۆت و شەڵواری نارێک و سیمای بێ ماکیاژ، تیپی ژنێکی فیمینیست لە دەیەی ١٩٧٠دا بوو.( زۆربەی ئەو کچە خوێندکارانەی کە لە دەیەی ٦٠، ٧٠ دا بە شێوەیەکی ڕادیکال باسیان لە فیمینیزم دەکرد، لە دەیەی ٩٠و سەدەی ٢١دا ببوون بە ٥٠ ساڵە و هێشتا نەچووبوونە ژیانی هاوبەشەوە!)

شەپۆلی سێهەم:

شەپۆلی سێهەمی فیمینیزم لە سەرەتای دەیەی ١٩٩٠ دەست پێ¬دەکا. فیمینیزم کە لە دەیەی ١٩٦٠و ١٩٧٠ لە لوتکەدا بوو لە کۆتایی¬یەکانی سەدەی بیستەم دا بەرەبەرە تووشی نسکۆ و جیاوازی و دەستەبەندییەکی ئاشکرا کەوتە نێو بزووتنەوەی ژنانەوە. دەوڵەتەکانی تاچێر و ڕێگان لە دەیەی ١٩٨٠ بە ئاشکرا کەوتنە دژایەتی ئەو بزاوتە و بوون بە خوازیاریی گەڕاندنەوەی» بە یاخەکانی بنەماڵەیی».

لە ڕاستیدا فیمینیستەکان لە ڕۆژئاوا بە زۆرێک لە ئامانجە سەرەکییەکانیان گەیشتن بەڵام ئەوەندە زێدەڕۆییان کرد کە تەنانەت لە بەرامبەریاندا بەرەبەرە بزاوتی پیاوان بیچمی دەگرت. ئەو مەسەلانە بوونە هۆی ئەوە کە لە سەرەتای دەیەی ١٩٩٠وە ئیتر فیمینیزم ڕەوتێکی میانەڕەوانە بە خۆیەوە بگرێ و قۆناغێکی نوێ بگرێتە بەر. لایەنی شۆڕشگێڕانە فیمینیزم خرایە پەراوێزەوە و ئەمجارە ستایشی ڕۆڵی دایک و گرینگیی ژیانێکی ئارام و بە دونیا هێنانی منداڵ بوو بە باسی سەرەکی و خاوەن بایەخ.

جێی ئاماژە پێکردنە کە هزر و ڕوانینەکانی بەشێک لە بیرمەندە پۆست مۆدێرنەکان وەک میشێل فۆکۆ و ژاک دریدا لە هینانە ئارای ئەو شەپۆلە (شەپۆلی سێهەم) جێگای گرینگییە. جیا لەمانە خاتوو جین بێتکە ئالشتین بە نووسینی کتێبی «پیاوی گشتی، ژنی تایبەتی» لە ساڵی ١٩٨١ هەوڵی دا کە لە ئاستی ڕوانگە ڕادیکال و زێدەڕۆیانەی شەپۆلی دووهەمی فیمینیزم کەم بکاتەوە. بە پێچەوانەی شەپۆلی دووهەم، فیمینیستەکانی شەپۆلی سێهەم جەختیان لەسەر ڕواڵەتی ژنانە و هەڵسوکەوتی نەرم و نیان و زەریفی ژنان کردۆتەوە. ئەوان لەسەر ئەو باوەڕەن کە زیندوو کردنەوەی ڕۆڵی دایک و بنەماڵە خاوەن گرینگییەکی تایبەتەو هەروەها تەرکیز دەخەنە سەر ژیانی تایبەتی و پاراستنی هەرێمی تایبەتی(حوزە شخصی) یەوە.

سەرچاوە: ئینتێرنێت ؟

# هەڵوێستەیەک لە سەر دژکردەوەی حدکا بەرامبەر وتووێژەکەی کاک خالد عەزیزی

حسێن ئەحمەدپوور

پاش وتووێژەکەی بەڕێز خالید عەزیزی، سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەگەڵ حەوتوونامەی" رووداو"و وروژاندن یان وروژاندنەوەی هەندێک بابەت و هەروەها هێنانە بەرباسی هەندێک پرسی دیکە، کۆمەڵێک کاردانەوە بەرامبەر بە وتووێژەکەی کاک خالید لە راگەیەنەکان و لەلایەن هەندێک کەس و لایەنی سیاسیی هاتە ئاراوە. بە شێوەیەکی سروشتی هەندێک کەس لێکدانەوەکانی کاک خالیدیان بە شتێکی باش و پۆزەتیڤ هەڵسەنگاند و هەندێک کەسیش دژی راوەستانەوە. کە هەر وەک وتمان ئەوە شتێکی سروشتیە و زۆریش پۆزەتیڤە کە خەڵک و بەتایبەت سیاسییەکان و رووناکبیران بەدواداچوونی هەڵوێست و بۆچوونی کەسایەتییەکان بکەن و بە پێی روانگەکانی خۆیان هەڵسەنگاندنی بۆ بکەن. بەڵام ئەوەی کە جێی داخە و لە نێو میدیا و گۆڕەپانی سیاسیی کوردستان دا زۆریش باوە، ئەو زەینیەتەیە کە هەندێک کەس و لایەنیان بۆ خۆیان دەست نیشان کردوە و دەبێ بەردەوام بە چاویلکەی رەش چاو لە بۆچوونەکانی بکا یان بە سەمعەکی پێچەوانەوە گوێی بۆ رادێرن. یەکێک لەو کاردانەوانە کە بەم شێوەیە بەرامبەر بە وتووێژەکەی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان هاتە ئاراوە، لەلایەن بەڕێز حەسەن شەرەفی جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە بوو کە من کاتێک چاوم لە وتووێژەکەی بەرێزیان دەکرد هەستێکی زۆر ناخۆش و پڕ لە داخ و کەسەرم بۆ دروووست بوو، پێم خۆش بوو و راستییەکەشی چاوەڕوانیی ئەوەم هەبوو کە کاک حەسەن وەک کەسێک کە نیوەی تەمەنی خۆی لە سیاسەت دا بە سەربردوە، جۆرێک بۆ سەلماندنی هەڵە بوونی بۆچوونەکانی کاک خالید بەڵگەو ئیستدلال بێنێتەوە کە کاک خالید و کەسانێک لە حیزبی دێموکراتی کوردستان یان لانی کەم من بۆ خۆم - کە تارادەیەکی زۆر لەگەڵ بۆچوونەکانی کاک خالید دا هەم، لە دڵی خۆشماندا بووبێ بڵێین بژی کاک حەسەن کە سەرنجی ئەو لایەنانەت دابوو کە ئێمە نەماندیتبوو و لە بەرچاومان نەگرتبوو. بەم شێوەیە هەم کاک خالید بە بۆچوونەکانی خۆیدا بچێتەوە و هەم کەسانێک لە ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان تەنانەت بە پشت بەستن بە بەڵگەکانی کەسانێک لە دەرەوەی حیزبەکەی خۆیان رەخنە لە کاک خالید و رێبەرایەتیی حیزبەکەیان بگرن و داوایان لێ بکەن کە پێداچوونەوە بە هەڵوێست و بۆچوونەکانیان دا بکەن. بەڵام بە داخەوە قسەکانی کاک حەسەن نە رەخنەگرانەبوو و نە یەک بەڵگەی بۆ سەلماندنی ناڕاستیی بۆچوونەکانی کاک خالید، هێنایەوە و نە تەنانەت دێڕێک لە قسەکانی کاک خالید کە کاک حەسەن هەوڵی دەدا مانۆری لە سەر بداو وەکوو بڵێی دەیەویست "ئیفشاگەری" لەسەر کاک خالید و حیزبەکەی بکا، وەکوو خۆی نەقڵ کرا.

کاک حەسەن لە سەراسەری وتووێژە تەلەویزیۆنییەکەی دا هەوڵی دەدا هەندێک رستەی ناتەواو و بەسەروپا شکاوییەوە لە قسەکانی کاک خالید دەربهاوێژێ و بە مەیلی خۆی واتایان پێ ببەخشێ و دواجاریش بۆ شکاندنی کەسایەتیی کاک خالید و هەروەها بۆ سەلماندنی راستی و دروستیی بۆچوونەکانی خۆی و حیزبەکەی بەکاریان بێنێ.

من لەم وتارە کورتەدا نامانەوێ کە بەراوردی قسەکانی کاک خالید لە وتووێژەکەی حەوتوونامەی "رووداو" لەگەڵ قسە نەقڵ کراوەکانی ناوبراو لە زمانی کاک حەسەن شەرەفی و پێشکەشکاری تەلەویزیۆنی "تیشک"دا بکەم. چونکە لەلایەک هەر وەک باسم کرد سەرتاسەری قسەکانی کاک خالید بە ناتەواوی و بە پێچەوانەوە نەقڵ کرابوون و لەلایەکی دیکەشەوە ئەوەندەی پێ دەوێ کە لەم وتارە کورتە رۆژنامەوانییەدا دەرفەتی باسکردنی هەموو ئەو نموونانە نیە. بەڵام هەر کەسێک کە بیهەوێ بەراوردێک لە نێوان قسەکانی کاک خالید و کاک حەسەن دا بکا زۆر بە ئاسانی مەبەستەکانی هەردوولای بۆ دەردەکەوێ و دەزانێ کە کاک حەسەن چەندە راستییەکانی شێواندوە.

یەکێکی دیکە لەو کاردانەوانە بەرامبەر بە بۆچوون و هەڵوێستەکانی کاک خالید عەزیزی، دەرکردنی راگەیەنراوێک لەلایەن سکرتاریای حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە بوو، کە گویا کۆمەڵێک لە ئەنجومەن و رێکخراوە سیاسییەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کورد لە نێوخۆی وڵاتەوە سکاڵایان لای حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کردوە کە بۆچی لەم ساتەوەختەدا کە کۆماری ئیسلامی خەریکە بڕووخێ سیاسەتێکی نەرمیان بەرامبەر بەو رێژیمە گرتۆتە بەر.

سکرتاریای "حدکا" لە وەڵامی ئەو ئەنجومەن و رێکخراوە سیاسییە کوردستانیانەی نێوخۆی وڵات دا رایگەیاند کە حیزبەکەیان هەروەک جاران شێلگیرانە بە دژی کۆماری ئیسلامی خەباتی خۆی درێژە پێ دەدا و ئەو نەرمی نواندنەش پێوەندی بە جەمعێکەوە هەیە کە چەند ساڵ لەمەوبەر ریزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان بەجێ هێشتوە.

من کە ئەو راگەیەندراوەم خوێندەوە یەکسەر رووداوێکی خۆشی ناوچەی خۆمان (بۆکان)م وەبیر هاتەوە. کاتی خۆی کابرایەکی فەقیرحاڵ هەبوو لەگەڵ یەکێک لە خزمەکانی خۆی لە سەر زەوی تووشی کێشە دەبێ. ئەو کابرایە لە نێوخەڵکەکەدا هەڕەشە لە خزمەکەی خۆی دەکا و دەڵێ هەر ئێستا دەچم بۆلای "موجاهیدینی خەلق" شکایەتت لێ دەکەم و بە عەلیرەزا (کە فەرماندەیەکی سپای پاسداران لە ناوچەکەدا بوو) نەبێ، تەنبێت ناکەم. ئەو کابرا فەقیرحاڵە ئەوەندە تێگەیشتنی لە ئاستێکی کەم دا هەبوو کە لە ساڵەکانی ٦٨و٦٩ی هەتاوی دا نەیدەزانی موجاهیدین لەگەڵ کۆماری ئیسلامی دا کێشەی هەیە. ئێستاش ئەو روونکردنەوەیەی سکرتاریای حدکا بە ئێمە دەڵێ.

١- وێڕای داوای لێبووردن لە هەموو چالاکانی سیاسی و مەدەنی و ئەنجومەن و رێکخراوە سیاسییەکانی کورد لە نێوخۆی وڵات، بەڵام روون کردنەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئاستی تێگەیشتنی سیاسیی ئەوانی تا ئاستی تێگەیشتنی ئەو کابرا فەقیرحاڵەی لە سەرەوە باسمان کرد هێناوەتە خوارێ. باشە ئێستا کێ هەیە لە نێوخۆی وڵات بە لەت بوونی حیزبی دێموکرات و ناکۆکییەکانی نێوان دوو لایەنی "حدک" و "حدکا" نەزانێ؟! یان ئەگەر ئەو ئەنجومەن و رێکخراوە سیاسییانە رەخنەیان لە حیزبی دێموکراتی کوردستان و سکرتێرەکەی هەیە، تۆ بڵێی ئەوەندە ناشارەزا بن نەزانن کە دەبێ چۆن رەخنەکانیان ئاراستەی ئەو حیزبە بکەن؟ هەر بۆیە لەو باوەڕەدام ئەو روونکردنەوەیەی سکرتاریای حدکا جگە لە بێ ڕێزی کردن بە چالاکانی سیاسیی کورد لە نێوخۆی وڵات هیچ شتێکی دیکە نیە.

٢- یەکێک لەو گلەییانەی کە چالاکانی سیاسیی کورد لە نێوخۆی وڵات لەم ساڵانەی دواییدا بەردەوام لە خۆیانی دەکەن ئەوەیە کە ئەوان زۆر بەکەمی لە دەوری یەکتر کۆ دەبنەوە. بۆ نموونە لە ماوەی بەر لە هەڵبژاردنەکانی خولی دەیەمی سەرکۆماری دا بەردەوام ئەو گلەییەیان هەبوو کە ئەوان نەیانتوانیوە لە مەڕ بابەتیکی ئاوا گرینگ بە شێوەی پێویست لە دەوری یەک کۆببنەوە، بەڵام وادیارە تەنیا حدکا دەزانی کە کۆمەڵێک لەو ریکخراوە و ئەنجومەنە سیاسیانەی نێوخۆی وڵات چۆن لە ماوەیەکی کورت (نێوان بڵاوبوونەوەی وتووێژەکەی کاک خالید و رۆژی ١٠ی بەفرانبار، رۆژی بڵاوبوونەوەی روونکردنەوەکەی سکرتاریای حدکا)توانیان لە دەوری یەک کۆببنەوە و بە هەڵوێستی هاوبەش بگەن و بریار بدەن لە سەر حیزیی دیموکراتی کوردستان سکالا لە لای حدکا بکەن.

٣- لەهەمووی خۆشتر و سەیرتر ئەوەیە کە کاک حەسەن شەرەفی، جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران رێک ٢حەوتوو دوای بڵاوبوونەوەی روونکردنەوەکەی سکرتاریای حیزبەکەی، لە وتووێژێک دا لەگەڵ محەممەدڕەزا ئەسکەندەری لەرادیۆی"کوردانە" هەموو ئەو شتانەی لە بیر دەچێتەوە و دەڵێ: " هیچ رێکخراو و جەریاناتێکی سیاسیی کوردی لە نێو خۆی وڵات دا بوونی نیە وتەنیا حیزبێک کە بتوانێ خەڵکی کوردستان رێک بخا، حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیرانە و ئەوانی دیکە هیچ رەنگێکیان نیە. کورد لە خۆڕا لە کۆنەوە نەیگوتوە: دەعبای زیرەک بە دندووکەوە پێوە دەبێ". کاک حەسەن شەرەفی کە پێی وایە هیچ تەشەککول و رێکخراوەیەکی سیاسیی کوردی لە نێو خۆی وڵات دا بوونی نیە، لانی کەم بۆ لایەنگران و ئەندامانی حیزبەکەی خۆی دەبێ روونی بکاتەوە کە ئەم ئەنجومەن و رێکخراوە سیاسییانەی ئۆپۆزیسیۆن لە نێوخۆی وڵات دا کێن کە وا نامەیەکی هاوبەشیان بۆ سکرتاریای حیزبەکەی ناردوە. هەروەها کاک حەسەن لە کاتێکدا ئەو قسەیەی کرد کەتەنیا چەند کاتژمێر پێشتر لە مەڕ ئەو جەریان و رێکخراوانەی کە بە باوەڕی ئەو نە بوونیان هەیە و نە ڕەنگیان هەیە، لە ساڵرۆژی شەهیدکرانی ئیبراهیم لوتفوڵلاهی دا لە سەر گۆری ئەو شەهیدە لە شاری سنە کۆبوونەوەیەکی بەشکۆیان بەرێوە برد کە بە سروودی" «ئەی رەقیب» دەستیان پێ کردو هەر لەو کۆبوونەوەیەشدا ١٠ کەس لە چالاکترین ئەندامەکانی ئەو رێکخراو و جەریانانە دەسبەسەرکران و بە پێی دوایین هەواڵەکان تا ئیستا (١٣٨٨/١٠/٢٨) کەس لە چارەنووسیان هیچ زانیارییەکی نیە.

هەر وەک لە سەرەتا باسمان کرد ئەمڕۆ ئاستی تێگەیشتنی سیاسیی خەڵکی کورد ئەوەندە بەرز بۆتەوە کە لانی کەمی چاوەروانییان لە کاک حەسەن و بەرپرسان و رێبەرانی حیزبە سیاسییەکان ئەوەیە کە کاتێک رەخنە لە کەس یا لایەنێکی سیاسی دیکەی نێو بزووتنەوە دەگرن، رەخنەکانیان جیددی و بەڵگەمەند بێ. لەم بارودۆخە قەیراناوییەی ئێستای بزووتنەوەی کوردا، زیاتر لە هەموو کاتێکی دیکە پێویستیمان بە رەخنە لە خۆ گرتن و رەخنە لە یەک گرتنی جیددی و بنیاتنەرانە هەیە. بە باوەری من کاتی ئەوە هاتوە کە حیزبەکان تەعاروف لە رەخنەگرتن لە یەکتر وەلابنێن و دڵیان بۆ رەخنەی جیددی و بنیاتنەرانە ئاوەڵا بێ. بەڵام رەخنە شتێکە و هەوڵدان بۆ شکاندنی کەسایەتیی کەسێکی دیکە و بەرئاوەژوو کردنەوەی راستییەکان شتێکی دیکە.

لە کۆتاییدا مەبەستی خۆم لە نووسینی ئەم بابەتە لەم چەند دێڕەدا کورت دەکەمەوە:

١- ئەزموون بە تایبەت لەم چەند ساڵەی دواییدا بە هەمووومان و بە تایبەتیش بە کاک حەسەن و حیزبەکەی (لە هەموو کەس چالاکتر) سەلماندوە کە ئەم جۆرە لێدوان و هێرش کردنانە هیچ بەرهەمێکیان نیە. هیچ کام لەو ناوو ناتۆرانە و بوختان هەڵبەستنانە بەدژی حیزبی دیموکراتی کوردستان و کەسایەتییەکانی لە نێو خەڵکی کوردستان دا جێگەیان نەبووەتەوە. ئەوە سیاسەت و هەڵوێستەکانی دوولایەن بوون کە بە لای خەڵکەوە گرینگ بوون، نە ئەو ناوزڕاندن و هێرش کردنانە.

٢- ئەو جۆرە سیاست کردنە، لە پێش هەموو کەسێک دا بە زەرەری کاک حەسەن و حیزبەکەی تەواو دەبێ و دواتر، نەک " حدک" و سکرتێرەکەی، بەڵکوو هەموو بزووتنەوەی کورد زەرەرمەند دەبێ. چونکە بەردەوامیی ئەو جۆرە سیاسەت کردنە دەبێتە هۆی بێهیوایی و بێ باوەڕیی خەڵک لە هەموو حیزب و لایەنەکان. بەراستی جێگەی داخ و حەیفە کاک حەسەن و حیزبەکەی یان هەرکەس و لایەنێکی دیکە، بەو هەموو رابردوویەوە بەدەستی خۆیان کارێک بکەن کە بە شاردنەوەی راستییەکان و هێرشی ناڕەوا بۆ سەر خەڵکی دیکە، متمانەی خەڵکی بەرامبەر بە خۆیان خەوشدار بکەن. حەیفە بۆ کەسێکی وەکوو کاک حەسەن کە بەربەرەکانی کردنی لەگەڵ" حدک" ئەوەندە بەلاوە گرینگ بێ کە تووشی هەڵەی گەورەی بکا.

٣- سیاست هونەری دانانی بەرنامەو پلانی دروست و هەوڵ دانە بۆ چارەسەری کێشەکانی کۆمەڵگە و هونەری پێش خستنی کۆمەڵە، نەک ئەو بۆچوونە زاڵمانەیە کە دەڵێ سیاسەت بریتییە لە ناڕاستی.

کە واتە با هەموومان دلنیا بین ئەوەی لە داهاتوودا دەیباتەوە کە بەم شێوەیە بۆ سیاسەت بڕوانێ. حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران و کاک حەسەن شەرەفی ئەگەر بتوانن لەم بارودۆخەی ئیستای بزووتنەوەی کوردداا بەرنامەو پلانی نوی بێننە ئاراوە، ئەوا ئەو کاتە دەتوانن بە دڵنیاییەوە قسە بکەن کە سەردەکەون و لەم پێناوەش دا هیوای سەرکەوتنیان بۆ بە ئاوات دەخوازم، چونکە لە راستیدا سەرکەوتنی هەر کەس و هەر رێکخراو و حیزبێکی خەباتکاری کورد سەرکەوتن بۆ گەلی کوردە.

**کاک حەسەن شەرەفی کە پێی وایە هیچ تەشەککول و رێکخراوەیەکی سیاسیی کوردی لە نێو خۆی وڵات دا بوونی نیە، لانیکەم بۆ لایەنگران و ئەندامانی حیزبەکەی خۆی دەبێ روونی بکاتەوە کە ئەم ئەنجومەن و رێکخراوە سیاسییانەی ئۆپۆزیسیۆن لە نێوخۆی وڵات دا کێن کە وا نامەیەکی هاوبەشیان بۆ سکرتاریای حیزبەکەی ناردوە**

# چەند هاوسەری، دیاردەیەکی دزێو

کوێستان فتووحی

دیاردەی چەند هاوسەری بە پێوەندییەکی کۆمەڵایەتی دەگوترێ کە لەودا یەک پیاو یان یەک ژن بە رەسمی و هاوکات دوو یا چەند هاوسەری هەیە. هەڵبەت چەند هاوسەری کە لەودا ژن بتوانێ هاوکات زیاتر لە هاوسەرێکی رەسمیی هەبێ جگە لە چەند وڵاتی وەک نیپاڵ، تیبێت، هیند و برێزیل، لە هیچ وڵاتێکی دیکەدا نیە. بۆیە مەبەست لە چەند هاوسەری تەنیا شێوەیەکە کە لەودا تەنیا پیاو دەتوانێ هاوکات دوو هاوسەر یان چەند هاوسەری هەبێ. باوترینی ئەو دیاردەیە بوونی دوو ژنە بۆ پیاوێک کە لە هێندێک لە وڵاتانی ئیسلامی و یەک لەوان ئێران دا دەبینرێ.

لە هێندێک لە وڵاتانی ئیسلامی بۆ نموونە عەرەبستانی سەعوودی، تەنانەت تا چوار هاوسەریش بۆ پیاوێک بە تەواوی ئاساییە و ئەم دیاردەیە هەم لە لایەنی کلتوورییەوە و هەم لە لایەنی قانوونییەوە ڕێگە پێدراو و ئاساییە. بەڵام لە بەشێکی زۆر لە وڵاتانی ئوروووپایی و ئەمریکایی، چەند هاوسەری نەتەنیا لە لایەنی فەرهەنگییەوە دیاردەیەکی بێزراو و تەرد کراوە، بەڵکوو لە باری قانوونییشەوە قەدەغە کراوە.

چەند هاوسەری لەگەڵ ئەسڵی یەکسانیی مافی ژن و پیاو نایەتەوە. ژن و پیاو هەر دوو مرۆڤن و مافی وەک یەکیان هەیە. ڕێگەدان بە پیاو کە تا چوار ژنی هەبێ بە مانای ئەوەیە بەهای ئینسانیی ژنێک بەرابەرە لەگەڵ یەک چوارەمی پیاوێک. ئەوە ئەوپەڕی سووکایەتییە بە ژن.

**دیاردەی چەند هاوسەری لە ئێرانی ئیسلامیدا**

ئەم مەسەلەیە لە ئێران لە کۆنەوە هەر باو بووە. قانوونی ئێران کە لەسەر بنەمای شەریعەتی ئیسلام دارێژراوە و لە ئایینی ئیسلامیشدا پیاو مافی ئەوەی هەیە هاوکات ژنێک یان تا چوار ژنی هەبێ. هەرچەند تا نیو سەدە لەوەپێش، چەند هاوسەری دیاردەیەکی زۆر ئاسایی بووە، بەڵام بەهۆی پێشکەوتنەکان و گۆڕانی گۆمەڵگە تا هاتوە رووی لەکەمی کردوە و تا ئەو جێیەی کە ئەمڕۆ وای لێهاتوە ئەگەر قانوونیش ڕێگەی داوە، کەم ژن و کچ هەن کە کەمترین ئاگاییان لەسەر ژیانی هاوسەریەتی هەبێ و، ئامادەبن ژنی دووهەمی پیاوێک بن.

دیاردەی چەند هاوسەری لەلایەن زۆربەی چین و توێژەکانی کۆمەڵگەوە بە دیاردەیەکی زیانبار بۆ سەر ژیانی بنەماڵەیی ناسراوە. ئەمەش بە دڵنیاییەوەبەرهەمی هەوڵ و خەباتی چالاکانی مافەکانی ژنان لە چەند دەیەی ڕابردوودا بووە کە هەمیشە پێیان لەسەر نەهێشتنی داگرتوە و پێ لەسەر سڕینەوەی ئەم کولتوورە دادەگرن. هەر بۆیە ئێستاش لە ئێراندا سەرەرای قەدەغە نەبوونی لەلایەن قانوونەوە، جێگەی باس و مناقشەیەکی زۆری کەسایەتییە حوقووقی و سیاسییەکانە.

**پەسند کردنەوەی قانوونی چەند هاوسەری**

لە سەرەتای مانگی سەرماوەزی ١٣٨٨دا کومیسیۆنی حوقووقی و قەزایی مەجلیسی شوورای ئیسلامی ماددەی ٢٣ی گەڵاڵەی پشتیوانی لە بنەماڵەی پەسند کرد. بەرپرسان و حاکمانی قەزایی ئێران جارێکی دیکە دژایەتیی خۆیان لەگەڵ مافەکانی ژنان پەسند کردەوە، بەڵام بە هێندێک مەرجەوە. بەپێی ئەو ماددەیە پیاو مافی هەیە زیاتر لە هاوسەرێکی هەبێ، دیارە بۆ ئەوەی لە دزێویی ئەو کارە کەم بکەنەوە بەم مەرجانەیان بەستۆتەوە:

١. ڕازی بوونی ژنی یەکەم،
٢. ژنی یەکەم نەتوانێ ئەرکی هاوسەریەتی بەڕێوە بەرێ،
٣. تووشبوونی ژنی یەکەم بە نەخۆشیی بێچارەسەر،
٤. مەحکووم بوونی ژن بە یەک ساڵ زیندانی بە هۆی تاوان،
٥. تووشبوونی ژن بە هەر جۆرە ئێعتیادێکی زیانهێنەر کە زیانی هەبێ بۆ بنەماڵە،
٦. بەدرەفتاریی ژن بە رادەیەک کە درێژەدانی ژیانی هاوبەش لە گەڵ ئەو بۆ پیاو تەحەممول نەکرێ،
٧. جێهێشتنی ژیانی بنەماڵەیی لە لایەن ژنەوە بۆ ماوەی ٦ مانگ،
٨. نەزۆکیی ژن،
٩. دیارنەمانی ژن بۆ ماوەی ١ ساڵ،
١٠. قبووڵنەکردنی ژن لە مێرد، (بە پێی حوکمی دادگا).

ئەو مەرجانەی بەرپرسانی قەزایی کۆماری ئیسلامی بۆ دیاردەی چەند هاوسەری دیارییان کردوە _ ئەگەر بەتەواوییش بۆ بەڕێوەبەردنی تەزمینێک هەبێ، هەرچەند تا ئێستاش هیچ زەمانەتێکی ئیجرایی دیاری نەکراوە _ دیسانیش لە ناشیرینی ئەم دیاردەیە کەم ناکاتەوە و لە گیر و گرفت و ئەو کێشانەی بەهۆی ئەم کەلتوورەوە ڕووبەرووی بنەماڵە و کۆمەڵگە دەبنەوە هیچ ناگۆڕێ. دانانی ماددەی ٢٣ و مەرجدار کردنی ئەم قانوونە کۆنەخوازانەیە هیچ کێشەیەک لەم پێوەندییەدا حەل ناکا. لە کەلتووری چەند هاوسەریدا و بەپێی ئەو مەرجانەی سەرەوەش تەنیا سرنج دراوەتە هەوەسی جینسیی پیاو. نەخۆشیی و بەدرەفتاری و گیروگرفت، ئێعتیاد، جێهێشتنی ماڵ، چوونە زیندان هەموو ئەو نموونانەن کە پیاوێکیش دەتوانێ و بگرە زیاتریش لەگەڵی بەرەوروو بێ.

ژنانی ئێران نابێ بەم مەرجانە دڵ خۆش بکەن. ئەو خاڵانەی لە ماددەی ٢٣ی گەڵاڵەی پشتیوانی لە بنەماڵەدا هاتوون، هەر ئەو پەسندکراوەن کە لە ماددەی ٨ و ماددەی ١٦ی گەڵاڵەی مافی بنەماڵەی ساڵی ١٣٥٣ی دەورانی ڕێژیمی پەهلەوی دا هەبوون. ئەو مەرجانە ئێستا بە کەمێک ئاڵوگۆڕ و جێگۆڕکێوە، هەر هەمان مەرجن کە لە قانوونی پشتیوانیی بنەماڵە لە ساڵی ٥٣دا هەبوون. ئەوە کە لە ساڵی ٥٣دا پەسند کراوە، قەت هەڵنەوەشاوەتەوە. پیاوان هەمووکات ئەو مافەیان هەبووە کە هاوکات چەند هاوسەریان هەبێ. ئێستاش هاتوون بە هێندێک دەسکاریی بچووکەوە بە قازانجی «پیاو» پەسندیان کردۆتەوە. تەنیا فەرقێکی هەبێ ئەوەیە ئەوکاتە زەمانەتێکی ئیجرایی هەبووە، واتە ئەگەر پیاوێک مەرجەکانی بەڕێوە نەبردایە و ژنی دووهەمی بێنایە، لەباری قانوونییەوە حوکمێکی بۆ دیاری کرابوو، واتە بە زیندان و جەریمەی نەقدی مەحکووم دەکرا. بەڵام لە ماددەی ٢٣دا هیچ زەمانەتێکی ئیجرایی دیاری نەکراوە. بۆیە ئەگەر لەگەڵ یەکتریش بەراوەرد بکرێن دەتوانین بڵێین خراپتر بووە.

لە ڕاستیدا پەسند کردنی ماددەی ٢٣ی گەڵاڵەی بەناو پشتیوانی لە بنەماڵە بە جۆرێک دووبارە چەسپاندنەوەی ئەم کەلتوورەیە و ڕەوایی دانە بەو دیاردە دزێوە. بە مەرج و بێمەرج ڕێگا کردنەوەیە بۆ زۆر لەو پیاوانەی کە ڕەنگە تا پێش ئێستا ئەوەیان نەزانیبێ کە هەلومەرجی هێنانی ژنی دووهەمیان بۆ ڕەخساوە. ئەمە تەئکید کردنەوە بوو بۆ پیاوان کە ئەم یاسا ئیسلامییە لەبیر نەکەن. بۆیە جارێکی دیکە دەبێ پیرۆزبایی بەو پیاوانە بگوترێ کە ژن وەک کالایەک سەیر دەکەن و بۆ خۆشگوزەرانیی خۆیان کەڵکی لێ وەردەگرن، گرنگیش نیە بەلایانەوە لە ئاکامی هێنانی ژنی دووهەم و چەندەم چ بەسەر بنەماڵە و دواتر کۆمەڵگە بەرەو کوێ دەچێ.




سۆنە

# ئێعدام، بڕیاری شەرع یان لاهێزی سیاسی بۆ دەسەڵات

عەلی بداغی

ڕەنگبێ مرۆڤ درندەترین گیانلەبەر بێ کە بۆ کوشتن و لە نێو بردنی هاورەگەزەکانی خۆی جۆرەها شێواز و مێتۆدی داهێنابێ و بە هێنانەوەی بیانووی زێدەخوازی و تۆڵە سەندنەوەو بە هۆی هەڵنەکردن لەگەڵ یەکتر جیا لە شەڕو کوشتار، لە نێو چوارچێوەی یەک وڵات و کیانێکی سیاسییش دا بڕیاری مەرگی بۆ هاورەگەزەکانی دەرکردبێ.

ئایین و نۆرمە کۆمەڵایەتییەکان لە زۆربەی کۆمەڵگا مرۆییەکان دا ماکەی شەرعییەت دان بە گونجانی سزای ئێعدام لە سیستمە حقووقی و قەزاییەکان دا بوون و بەرەبەرەش بە پەرەسەندنی بیری مرۆڤ تەوەری و ئۆمانیزم و تۆخبوونەوەی بایەخە مرۆییەکان و بە پێی کەم و زۆریی ئەو پەرەسەندنانە، سزای ئێعدام لە سیستمی حقووقیی ئەو کۆمەڵگایانەش دا هەڵ گیراوە.

ئەوەش کە ئەمڕۆ ئێران لە ڕووی بەڕێوەبردنی حوکمی ئێعدامەوە پلەی دووهەمی لە دنیادا هەیە، بەشێکی بۆ ڕەگ داکوتانی ڕوحی تۆڵە و توندوتیژی لە کۆمەڵگا وگەڕانەوە بۆ کارتێکەری و زاڵبوونی بڕیارە ئایینییەکان لەو کۆمەڵگایەدا دەگەڕێتەوە کە ڕێگەی بەوە داوە کە سیستمی حقووقی و قەزایی وڵات شەرعییەتی پەیڕەو کردنی حوکمی ئیعدام هەر لە ناخی ئەو کۆمەڵگایە وەربگرێ.

بەڵام ئێعدام وەک ئامرازێکی سیاسی بۆ سەرکوت و زاڵ کردنی کەشی ترس و تۆقاندن لە لایەن کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامییەوە بابەتێکی جیاوازە لەو ڕەوتە کۆمەڵایەتییە.

بابەتی ئیعدام وەک سزایەکی حقووقی لە نیزامی کۆماری ئیسلامی دا پتر لەوەی بنەمای حقووقی هەبێ، بڕیارێکی سیاسییە. ئێعدامی گیراوانی سیاسی بە «تۆمەت» و «تاوان»ی «محاربە» بابەتێکە کە تەنانەت زۆربەی لێکۆلەرە ئیسلامییەکانیش ڕەتیان کردۆتەوە. چونکی بە پێی هەموو ڕێوشوێن و پەروەردەکانی ئیسلام مەبەست لە سزا، تێگەیاندن لە هەڵەو هەوڵدان بۆ چاکسازی لە تاکی تاوانبار دایە، بەڵام بە کوشتنی کەسەکان تەنیا دەرفەتی ئەو چاکسازییە لە تاوانباران وەرگیراوەتەوە.

بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی ئامانج لەبەڕێوەبردنی حوکمی ئێعدام بۆ بنەبڕکردنی تاوان لە کۆمەڵگاو گەڕاندنەوەی بایەخ بۆ بەها کۆمەڵایەتی و ئایینییەکان دەگەڕێننەوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەی ئەو وڵاتە لە ڕووی جێبەجێ کردنی حوکمی ئێعدامەوە پلەی دووهەمی لە دنیادا هەیە، ئەو شاڵاوە لە ئێعدامکردنانە نەیتوانیوە ڕێژەی تاوان و جینایەت لەو کۆمەڵگایەدا کەم بکاتەوە. هۆکاری ئەوەش بۆ نوقسانی لە بینینی پێوەندییەکانی نێوان تاوان وهۆکارەکانی ڕوودانی تاوان دەگەڕێتەوە. لە نیزامی حقووقیی ئێران دا تەنیا تاوان و تاوانبار دەبیندرێ و هیچ جۆرە سەرنجێک بۆ بوارو هۆکارو لایەنەکانی خوڵقان یان ڕوودانی تاوانەکە نادرێ. لە بەرامبەر ئەوەش دا هەوڵەکان بۆ نەهێشتنی سزای ئێعدام لە ئێران بە هۆی کەشی توندوتیژو هەبوونی ڕوحی تۆلە سەندنەوە لە لایەن بنەماڵەو خوێنگرانەوە لە سەرەتای ڕێ دایە. لەو نێوەش دا ئیعدام وەک چەک و ئامرازێکی سەرکوت لە لایەن بەڕێوەبەرانی ڕێژیمەوە بۆ سەقامگیریی سیاسی ئەوپەڕی کەڵکی لێ وەرگیراوە، بە جۆرێک کە پەرەسەندنی حوکمی ئیعدامەکان لە ماوەی ٧ مانگی ڕابردوودا نیگەرانیی زۆری بۆ کۆڕو کۆمەڵە نێونەتەوەییەکانی داکۆکی لە مافی مرۆڤ ساز کردوە.

دەزگای قەزایی ڕێژیم لە ماوەی دوای هەڵبژاردنەکانی بەهاری ئەم ساڵەوە بە پشت بەستن بە ئیعترافە زۆرە ملییەکان کە زۆربەیان بە هۆی دەزگا ئەمنییەتی و ئیتلاعاتییەکان ئەویش لەژێر فشاری زۆرو ئەشکەنجەدا وەرگیراون، حوکمی زۆر قورس و سزای ئیعدامی بۆ زۆر گیراوی سیاسی دەرکردوە کە هەموو ئەو حوکمانە بە پێی لێکدانەوەی تاکەکەسی و ئەنگیزەی سیاسییەوە بەسەر تۆمەتباران دا سەپاوە.

بە پێی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی نێونەتەوەیی لێبووردن لە دوای هەڵبژاردنەکانی مانگی جۆزەردانەوە لە ئێران ١١٥ کەس لە سێدارە دراون کە چەند کەس لەوان لە کوردستان بە تاوانی عەقیدەتی و جودابیری لەگەڵ ڕێژیم ئیعدام کراون و بەشێکی زۆری دیکەش لەوان لەو مێرمنداڵانە پێک هاتوون کە بێ ئەوەی تاوانباری ئەو تاوانانە بن کە لە ڕووی کاڵفامیی منداڵانەوە کردوویانن، لە ژیان بێبەش کراون.

هەر لەم پێوەندییەدا زۆربەی مافناسان سوورن لەسەر ئەوەی کە دەرکردنی حوکمی ئێعدام ئێستا لە ئێراندا زۆرتر سیاسی و سەلیقەییە و بنەمای حقووقییان نیە. بۆ وێنە حوکمی ئێعدام لە شانۆگەریی دادگایی کردنەکانی تاوانبارانی دوای هەڵبژاردن بۆ ٥ کەس دەرچووە، لە حاڵێک دا بە پێی بەڵگە هەموو ئەو ٥ کەسە چەند مانگ بەر لە هەڵبژاردنەکان گیراون و لە هیچ خۆپیشاندانێک و نارەزایەتی دەربڕینێکی سەرشەقام دا بەشدار نەبوون. لە کوردستانیش دا کە ئێستا زیاتر لە ١٧ کەس لە چالاکانی سیاسی و مەدەنی لە ژێر پەتی سێدارە دان، ڕێژیم تەنیا مەبەستی سەرکوتی سیاسی و ڕێگرتن لە بزووتنەوەی ئازادیخوازانە و بەردەوام بوون لە سیاسەتی ئەمنییەتی و پۆلیسی کردنی کوردستانە کە ئەو شێوازەی گرتۆتەبەر. ئەگینا بە پێی بۆچوونی زۆربەی مافناسان تەنانەت هەر بە پێی ئەو یاسایانەی ئێستای سزادانەکان، دەرکردنی حوکمی «محاربە» بۆ چالاکانی سیاسی و مەدەنی و نارازییانی حکوومەتی هیچ بنەمایەکی شەرعی و حقووقی نیە.

# شاعیرێکی جوانەمەرگ و چەند کورتیلەچیرۆک!

نووسینی : ناسر باباخانی

ئاماژە:
لە زستانی ١٣٧٦ی هەتاویدا، سی مرۆڤی خاوەن بەهرە، سێ ئەستێرەی دیاری نێو بزووتنەوەی فەرهەنگیی رۆژهەڵاتی کوردستان، لە رووداوێکی دڵتەزێندا گیانیان لە دەست دا.ئەم سێ کەسە بریتی بوون لە ١- مارف ئاغایی(شاعیر و چیرۆکنووس)، ٢- جەعفەر قازی(نیگارکێش)، ٣- سەرتیپ مەنسووری(نووسەر و وەرگێر). لە پێشوازی ١٢ ساڵەی کۆچی تاڵ و ناوەختی ئەم پۆلە ئەدیب و هونەرمەندە دا، بە رێزەوە یادیان دەکەینەوە. هەر بەم بۆنەیەشەوە،ئەم وتارە کە لە بارەی چیرۆکەکانی مارفی جوانەمەرگەوەیە، لەم ژمارەیە دا بڵاو دەکەینەوە:
لاپەڕەی ئەدەب و هونەر

ڕەخنەگرەکان نازانن شکست ڕەنگە لە سەرکەوتن باشتر بێ... توانایی پاڵ پێوەنانی بەردێکی گەورە و قورس بەرەو ترۆپکی کێوێک، دەسکەوتێکی گەورەیە. پاڵ پێوەنانی هەمان بەرد تا نیوەی ڕێگا شکستە، بەڵام لە هەمان کات‌دا دەسکەوتێکی کەمیش نییە. (لە دەفتەری بیرەوەرییەکانی تۆماس هاردی، ١٩٠٧)

١- کەم نین ئەو شاعیرانەی کە چیرۆکیان نووسیوە و دەنووسن، چ لە ناو گەلی کورد و چ لە ناو گەلانی تردا. هەرچەند کەمیش هەڵدەکەوێ لە هەرتک ژانرا تا یەک ڕادە سەرکەوتوو بن .واتە دەگمەنە، شاعیرێک چیرۆکنووسێکی شاز و لێهاتوو بێ. ڕەنگە هۆی سەرەکیی ئەمەش بگەڕێتەوە سەر جیاواز بوونی دەلاقەی ڕوانینی چیرۆکنووس و شاعیر و کەرەسەی بەردەستیان (دیارە کە دەڵێم کەرەسە مەبەستم تایبەتمەندییەکانی پێکهاتەیی و ناوەرۆکییە). هەر بۆیە دوان لە سەر شاعیرێکی جوانەمەرگ وەک چیرۆکنووسێک ـ کە تازە لە سەرەتای ئەزموونی ئەدەبیی خۆی‌دا بوو ـ گەلێک دژوارە و ڕەنگە بۆ خوێنەریش کارێکی نامۆ و نائاسایی بێ! ئەوەی کە بۆچی شاعیرێک ڕوو دەکاتە چیرۆکنووسین، ڕەنگە پرسیارێک بێ کە لەم باوەڕەوە سەرچاوەی گرتبێ کە نووسەری ئەم سەردەمە دەبێ تەنیا لە دەڤەرێکی تایبەتی‌دا و بە شێوەیەکی پسپۆڕانە کار بکا، بەڵام بە ڕاستی کاتێ کە ناچاری ئەندێشەیەک بێنیە سەر لاپەڕەکانی کاغەز، چ جیاوازییەک لە شێوەکانی بەیان کردن‌دا هەیە جگە لە فۆڕم و قالبەکانیان.

٢-بە گشتی کورتیلەچیرۆکەکانی مارف دوو شێوە داڕشتنی لێ‌هەڵدەهێنجێرێ:
ـ داڕشتنی کەسایەتییەکان
ـ داڕشتنی چاوەڕوان‌نەکراوی کۆتایی چیرۆک

لە شێوەی یەکەم‌دا، چیرۆکنووس زیاتر ڕۆ دە چێتە ناخی مرۆڤ و دیوی ژوورەوەی تاکەکەس و لەباری ڕەوانییەوە فرەتر کارەکتێری سەرەکی بە خوێنەر دەناسێنێ. دیارە ئەم شێوەیە لە لایەن زۆر چیرۆکنووسەوە دەکار کراوە و تەنانەت فایلێکی تایبەتی بۆ ئەم چەشنە چیرۆکانە وەک چیرۆکگەلێکی ڕەواناسانە کراوەتەوە.

بەڵام لە شێوەی دووەم‌دا، چیرۆکنووس داڕشتنی کەسایەتییەکانی زۆر بەلاوە مەبەست نییە، بەڵکوو مەبەستی تێک‌ڕووخاندنی ڕایەڵ و پۆی بیری خوێنەرە و هەروەها داڕووشاندنی هەستێتی. لەم شێوەیەدا، کورتیلەچیرۆک کاتێک دەگاتە لووتکە کە خوێنەر دوایین بەشی کورتیلەچیرۆک دەخوێنێتەوە و هەر لەم کۆتایی‌یەش‌دایە کە گرێپووچکەکە دەکرێتەوە. ڕەنگە زۆربەمان چیرۆکەکانی ئۆ. هێنری‌مان خوێندبێتەوە و لە شۆکی کۆتایی کورتیلەچیرۆکەکانی بێ‌بەش نەبووبین.

٣ – مارف لە نووسینی کورتیلەچیرۆک‌دا، بە شێوەیەکی باش وشەی لە ساختاری کورتیلەچیرۆکەکانی‌دا گونجاند. ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە مارف وەک شاعیر بایخی وشەی بە لاوە گرینگ بووە. مارف ئاغایی ئەم وتەیەی کۆتۆن ماتری کە لەبەر دەرگای ژوورەکەی هەڵواسیبوو:›بە کورتی!‹ زیرەکانە لە کورتیلەچیرۆکەکانی‌دا ڕەچاو کردبوو. وشە لە ناو کورتیلەچیرۆکەکانی‌دا، هەست بە جێ تەنگی ناکا و لە هەمان کاتیش‌دا مەجالی هەڵسووڕانی بێ‌وچانیشی نادرێتێ.

چوارچێوەی کورتیلەچیرۆکەکانی واتە کات، شوێن، زمان و هۆکاری دیارن. زەقیی ئەم دیار بوونە کاتێ دێتە بەر چاو کە نووسەر کات لەبەر یەک ناکێشێتەوە و ماوەی دەورگێڕانی کەسایەتییەکانی چیرۆک، زۆر جاران لە یەک خولەک تێناپەڕێ، کە ئەمە نیشاندەری دەسەڵاتی چیرۆکنووسە. سەبارەت بە شوێن، مارف بە یەک ڕستە، نەک زیاتر شوێنی ڕوودانی چیرۆکەکەی دیاری دەکا. هەندێ جاریش کەش‌وهەوای چیرۆک، شوێن بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ نیشان دەدەن. زمانی چیرۆک، کە بۆخۆی باوەڕێکی زیاتری بەم بەشە هەبوو، زمانی چیرۆکنووسییە. بە باوەڕی من کەسایەتیی شێعری کاری لە سەر کردوە تا بە پشت بەستن بە وێنەی شێعری بۆ گێڕانەوەی کورتیلەچیرۆک لە لایەک، لە لایەکی تریشەوە هەڵبژاردنی لەحنی شیاو بۆ کارەکتێرەکانی، بکرێ وەک کارنامەیەکی جێگەی سرنج لە باری زمانییەوە سەیری کورتیلەچیرۆکەکانی بکەین. هۆکاری لە کاکڵی چیرۆکەکان‌دا دەردەکەوێ، هەرچەند لە کورتیلەچیرۆکێکی وەک ‹بەرەی داهاتوو›دا، ئەم هۆکارییە بۆ خوێنەری ئاسایی بە باشی خۆی دەرناخا. مارف بۆ داڕشتنی کورتیلەچیرۆکەکانی، لە هەر دوو شێوەی داڕشتن کە پێشتر ئاماژەم پێ کرد کەڵکی وەرگرتوە، هەڵبەت لە هەندێ لە کورتیلەچیرۆکەکانی‌دا ڕەنگە دیاری کردنی ئەم سنوورە دژوار بێ.

تیپی گێڕانەوەی ئەم چەند کورتیلەچیرۆکەی مارف لە سەدا سەد بە شێوەیەکی هێڵییە کە لە کۆتایی‌دا خوێنەر دەگاتە سەرئەنجامێکی قەتعی، واتە گێڕانەوەیەکی خەتتی بە کۆتایی‌یەکی داخراوەوە. هەر چەند لە یەک دوو کورتیلەچیرۆک‌دا حەول دراوە کۆتایی‌یەکی کراوە سازدرێ و تا ڕادەیەکیش سەرکەوتن وە دەست دێ.


٤ – سەرجەم کورتیلەچیرۆکەکانی کتێبی›زەوی سەخت و ئاسمان دوور‹ دوازدە بابەتە کە دەیان ناوی بۆ دیاری کراوە و دووانیان لەبری نێو، نیشانەی پرسیاری بۆ داندراوە.

ـ کورتیلە چیرۆکی›پووڵدان‹ لە کارە سەرەتایی‌یەکانی مارف ئاغایی‌یە. بەڵام مارف هەر لێرەوە خۆی لە نووسینی ‹ حەقایەت› پاراست و چوارچێوەی چیرۆکی نوێی زوو ناسی. هەرچەند پووڵدان لە دنیای بەرتەسکی هەست تێناپەڕێ، بەڵام وەک سەرەتای سەرهەڵدانی چیرۆک بە شێوەی ئەمڕۆیی بەرهەمێکە کە جێگەی ڕامانە. تایبەتمەندیی بەرچاوی ئەم کورتیلەچیرۆکە پشت بەستن بە وێنەی شێعرییە کە مارف لە سەرەتادا ئاماژەی پێدەکا: ‹ڕێبوارەکان بەلەز بەلام‌دا تێدەپەڕین. هێندێکیان بارستی کۆڵەباری خەم و پەژارە پشتی چەماندبوونەوە و زامی ئاواتە خنکاوەکانیان جەرگی بریندار کردبوون.›

ـ کورتیلەچیرۆکی›کوردستان‹ نیشان دەدا کە چیرۆکنووس دەیەوێ هەنگاوگەلێکی زیاتر بەرەو پێش باوێ. دیسان لە سەرەتادا پشت بە وێنەی شێعری دەبەستێ. تایبەتمەندیی ئەم چیرۆکە تاکبێژی دەروونییە و کەسایەتیی سەرەکی تەنیا لەگەڵ خۆی دەدوێ. لەم کورتیلەچیرۆکەدا هەر دوو شێوەی داڕشتنی کەسایەتی بنەڕەتی و کۆتایی چاوەڕوان‌نەکراو دەدیترێ. لەم چیرۆکەدا، مارف ئاغایی وەک دوایین کارەکتێر خوێنەر دێنێتە نێو کایەوە، وڵامی ئەم پرسیارە کە بڵێندگۆکە، کێ وەک یەکەم کەس دەناسێنێ دەکەوێتە ئەستۆی خوێنەرە وە. بە ڕاستی ئەگەر لە تاریفی ئەمڕۆیی چیرۆک‌دا، پێ لە سەر ئەمە دادەگرترێ کە چیرۆکێکی سەرکەوتوو، سەرەکی‌ترین مەبەستی هاوڕێی کردنی خوێنەرە لەگەڵ خۆی، ئەوا ئەم کورتیلەچیرۆکە ئێرنێست فیشێر واتەنی بە پێی زەمان و سەردەمی لە دایک بوونی چیرۆکێکی سەرکەوتوویە.

ـ دەقی کورتیلەچیرۆکی› ژیان‹ تا ڕادەیەک هەڵگری ڕەهەندی مانایی جیاواز ـ هەڵبەت سنووردار ـ و تەنانەت دژ بە یەکە. دەقی چیرۆکەکە و ناوەکەی پارادۆکسێکی تەواوە. لەم کورتیلەچیرۆکەدا نووسەر کارەکتێری سەرەکیی خۆی وەک مرۆڤێکی بێ‌دەرەتان هێناوەتە بەر چاو کە بۆ بژیوی ڕۆژانە لە هیچ شتێک ناسڵەمێتەوە، تەنانەت ئامادەیە بمرێ. مردن بۆ وەرگرتنی پارە، لە لایەکی تریشەوە ڕستەی›کەستان ناوێ بۆتان بمرێ‹ مردن لە پێناوێک‌دا دەسەلمێنێ. هەڵبەت مارف، خوێنەر زۆر چاوەڕوان ڕاناگرێ و هەر لە سەرەتاوە بۆی ڕوون دەکاتەوە کە مردنەکە دەسکردە. دنیای ڕەشی چیرۆک لە یەک ڕستەدا ڕەنگ دەداتەوە: ‹ ئەم مەرگەشی بۆخۆی هەڵنەبژارد.› دە کار کردنی ڕستەی کورت کورت و دوا بە دوای یەک بارودۆخی تاریفی کورت (short description) دەدا بەم کورتیلەچیرۆکە.

ـ کورتیلەچیرۆکی› پووکانەوە‹ بە لای منەوە تا ڕادەیەک لە کورتیلەچیرۆکەکانی تر جیاوازترە. پووکانەوە بۆ لای فەلسەفە پەلکێشی دەکا و لە جیهانی کافکا نزیک دەبێتەوە. دینۆ بوتزاتی چیرۆکنووسی ئیتالیایی(١٩٧٢-١٩٠٦ دەڵێ: ‹کافکا سێدارەی منە.› بەڵام لە ڕاستی‌دا کافکا هەزاران سێدارەی بۆ نووسەرانی زۆر بەناوبانگی دنیا هەڵواسیوە. دینۆ بوتزاتی و ئیزابێل ئالێندێ( نووسەری شیلیایی) لەو دەگمەن چیرۆکنووس و ڕۆماننووسانەن کە شوێن‌دانانی کافکایان زۆر



زۆر بە ڕاشکاوی لە سەر دیارە. لە زۆربەی چیرۆکەکانی بوتزاتی‌دا کۆتایی‌یەکی چاوەڕوان‌نەکراوی حەسرەت‌ئامێز هەیە. ئالێندێ بۆخۆی دەڵێ:›کۆتایی‌یەکی خۆش لە چیرۆکەکانی من‌دا شوێنێکیان نییە.‹ من نازانم مارف تا چ ڕادەیەک لەگەڵ بەرهەمەکانی کافکا و بوتزاتی و ئالێندێ ناسیاوی هەبووە، بەڵام ئەگەر قایل بە شوێن‌دانانێکی تایبەتی بین کە کافکا لە سەر ئالێندێ و بوتزاتی هەیبووە، ئەوا ناوەرۆکی چیرۆکەکانی مارف لە باری کۆتایی‌یەکی پڕ لە حەسرەت و نەبوونی شادی و خۆشی ـ لانی‌کەم بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ ـ بە تەواوی کەوتۆتە ژێر سێبەری بوتزاتی و ئالێندێ‌وە.بەڵگەشم بۆ ئەم وتەیەم خوێندنەوەی چیرۆکەکانی ئەم دوو نووسەرەیە. هەرچەند ئەم چەشنە کۆتایی‌یە لە کوت‌وپڕە ئۆ. هێنری‌شمان دێنێتەوە یاد، بەڵام تەنیا کۆتایی مەبەست نییە و بەڵکوو هەروەک پێشتریش ئاماژەم کرد داڕشتنی کەسایەتیی سەرەکییش یەکێکی ترە لە مەبەستەکان.

ئەم کورتیلەچیرۆکە باسی مەسخی ئینسانی ئەمڕۆژین دەکا. تەمەنی کەسایەتیی چیرۆک کە بەرەو ژوور دەچێ دەبێتە سەمبولێک لە بێ‌هێزی و بێ‌دەسەڵاتی، تا ڕادەیەک کە کارەکتێر توانایی دیتنی خۆیشی نییە. واتە مرۆڤێکە کە ناتوانێ لەگەڵ ڕاستەقینەکانی ژیانی بەرەوڕوو بێتەوە. بە پێویستی دەزانم ئاماژە بەم خاڵە بکەم کە مارف ئەم بنەما گرینگەی پاراستوە کە ئاڵوگۆڕ بە سەر قارەمانی ـ دژەقارەمانی ـ چیرۆکەکەی نەهێنێ و جەختی لە سەر ئەمە کردوە، کە لە ماوەی کورتی کورتیلەچیرۆک‌دا مەجالی ئەوە نییە کە کارەکتێری چیرۆک تووشی گۆڕانی کەسایەتی بێ. ئەم کارە زیاتر لە چیرۆکی درێژ و ڕۆمان‌دا دەکرێ.

ـ ‹زەماوەند› کورتیلەچیرۆکێکی سەرکەوتوویە و ڕەنگدانەوەی گرفتەکانی بنەماڵەی کوردەوارییە لە قالبی کایەیەکی منداڵانەدا. لەم چیرۆکەدا خوێنەر تا دوایین ڕستە لە مەبەستی نووسەر ئاگادار نابێ. لە ڕاستی‌دا مەودای کورتی سەرەتا و لووتکە وەک دوو جەمسەری کورتیلەچیرۆک بە کۆتایی‌یەکی پەرۆشاوی وێک‌دێنەوە و لێک گرێ دەدرێن. ئەمە هەمان شۆکی چیرۆکەکانی ئۆ. هێنرییە، بەڵام هەر وەک وترا بە ئاوڕدانەوە سەر باری ڕەوانیی کەسایەتییەکانی کورتیلەچیرۆک.

ــ کورتیلەچیرۆکی›ڕاوچی‹ زۆرتر وەک پۆستێرە چیرۆک دەچێ، هەرچەند لە یەکەم ڕوانین‌دا بە هۆی زۆر کورت بوونی، چیرۆکی مینی‌ماڵمان دەخاتەوە یاد. بەڵام ئەم چەشنە بەرهەمانە لە تەرحێک (plane) دەچن کە نووسەر مەیدانی هەڵسووڕانی زیاتری تێی‌دا هەیە و دەتوانێ بە زۆرتر کار کردن لە سەریان بە شێوەی چیرۆک دایانڕێژێ. بە قەولی ترێنتویل ڕایت ئەم جۆرە تەرحانە تەنیا کەڵکی بەردی قوچەقانیان پێوەیە بۆ کورتیلەچیرۆک.

ــ کورتیلەچیرۆکی ‹بەرەی داهاتوو›، تا کۆتایی خوێنەر چاوەڕوان ڕاناگرێ تا بزانی قارەمانی چیرۆک چی لێ بە سەر دێ و ئیزنی ئەوەی پێ‌دەدا تا پێشداوەرییەکی دروست بۆ ئاکامی چیرۆکەکە دیاری بکا. کارەکتێر بە باشی داڕێژراوە و لە ڕەوتی بەرەوپێش چوونی چیرۆک، ئاکامی ژیانی خۆی دێنێتە بەر چاو، بەڵام لە دوایین بەش‌دا بۆچوونی پێچەوانەیە، واتە ئەم مەبەستەی کە ئەو دەیەوێ بێتەدی نەک تەنانەت ڕوو نادا، بەڵکوو ڕێک بە پێچەوانەش دێتە ئاراوە. ئەمەش ئەوپەڕی کردنەوەی گرێ و ڕەمزی چیرۆکەکەیە لە کۆتایی‌دا، کە لەگەڵ ناوی چیرۆکەکەش باش گونجاوە.

ــ مارف ئاغایی دوو کورتیلەچیرۆکی هەیە کە لەبری ناو، نیشانەی پرسیاری بۆ دیاری کردوون. یەکێکیان کورتیلەچیرۆکێکە کە لە سەر فۆرمی دیالۆگ نووسراوە. وتووێژێکی ئەویندارانە، بەڵام ئەوینێکی نائاسایی! ئەوین لە نێوان قەیرەکچێکی گرۆێ و کوڕێکی کوێردا، وەک سووژەی ڕۆمانێکی سەلیم بەرەکات ـ ڕۆماننووسی کورد ـ کە ئەوینێکی نائاسائی کردۆتە هەوێنی ڕۆمانەکەی. ئەم چەشنە سووژانە لەگەڵ ئەوەدا کە سووژەگەلێکی نایاب و کەم‌وێنەن بە جۆرێ هەستی دڵسۆزیی خوێنەر دەبزێون و خوێنەر بە شێوەیەکی نابەئاگا دەکەوێتە ئەتمۆسفێری چیرۆکەکە و دەبێتە هاوڕێی کارەکتێرەکانی داستان. لەم کورتیلە چیرۆکەدا ئاوێنە سەمبولی پێوەرێکە بۆ پێوانەی هەڵەکانی کۆمەڵایەتی.

ـ کورتیلەچیرۆکەکەی تر لەو کورتیلەچیرۆکەی لەوە پێش باسم لێ کرد، درێژترە و لەباری تێکنیکییەوەش چڕ و پڕترە. مارف بۆ ئەم چیرۆکە بە باشی لە سیمیۆلۆژی کەلک وەردەگرێ. کەسایەتی سەرەکیی ئەم چیرۆکە، ئاوێنەی وەک سەمبولی مێژووی نەتەوەیەک تەماشا دەکا. ئێپیزۆدی یەکەمی ئەم کورتیلەچیرۆکە شانازیی کەسایەتیی سەرەکی بەم ڕابردووە نیشان دەدا. لە ئێپیزۆدی دووەم‌دا خەوش دەخرێتە سەر ئاوێنەی گۆڕین، تەنانەت ئاوێنەکە دەشکێ. ئەم ئاکسیۆنە هەڵگری دوو تەئویلە. یەک خۆ فریودان بە ڕابردوو و داهاتوو ڕەچاو نەکردن. دوو بە پێچەوانە. ئەم چیرۆکە بە شێوەیەکی سەمبولیک باس لە بارودۆخی کوردستان و گرفتەکانی دەکا. ڕەنگە ئەگەر کەسێک شێعری ‹پەیام›ی مارف ئاغایی خوێندبێتەوە وەباڵ بۆ ئەم بۆچوونە بکێشێ.

٥- ڕەنگە چێژ وەرگرتن ـ بە مانا ڕۆڵان بارتییەکەی ـ لە کورتیلەچیرۆکەکانی مارف‌دا ڕەنگدانەوەیەکی ئەوتۆی نەبێ، بەڵام حاشاهەڵنەگرە کە کورتیلەچیرۆکەکانی بە هیچ کلۆجێک نایەنە خانەی تاقمێک لەم بابەتانەی کە تەنانەت ئێستاش بە ناوی چیرۆک دەرخواردی خوێنەر دەدرێن.

ئەوەی ڕاستی بێ مارف ئەو ‹دیتن›ە جیاوازەی کە چیرۆکنووس لەگەڵ خەڵکی ئاسایی هەیەتی، وە دەستی هێنابوو. هەر بۆیە سووژەکانی سواو نەبوون. هەڵبەت ڕەنگە ئەمە لە فۆڕم‌دا خۆی نەنوێنێ، بەڵام خوێنەری باڵا دە کار کردنی ڕستە کورتی برووسکەئاسا بە حەولێکی جیددی بەرەو تازەگەری لەباری فۆڕمەوە دەزانێ. تەنانەت ئەگەر مارف ئەمەشی لە بیر کردبێ کە فۆڕم لە چیرۆک‌دا گرینگترە تا ژانرێکی وێکچووی چیرۆک، واتە ڕۆمان.

کورتیلەچیرۆکەکانی مارف ململانێی مرۆڤە لە نێوان ژیان و مەرگ‌دا، دەڵێی لە دووتوێی ئەم دوو یاردە سرووشتییەدا، کارەکتێرەکان لە بەرزەخێک‌دا دەژین کە بۆ ڕزگار بوونیان پەل بۆ هەموو شتێک داوێن. ئەم جیهانبینییە، ڕوانگەی مارف سەبارەت بە تاقم و چینێکی تایبەتی کۆمەڵگای کوردەواری نیشان دەدا.

بە هەر حاڵ دوان لە سەر کورتیلەچیرۆکەکانی ئەم شاعیرە جوانەمەرگە تەنیا بیانوویەک بوو بۆ ڕێز گرتن لە حەولێکی تازە چرۆکردووی چیرۆکنووسی، ئەگینا بۆ خوێندنەوەیەکی وردتر پێویستیمان بە گەلێک ئەزموونی چیرۆکنووسی مارف هەبوو کە بە داخەوە‹ مەرگی نووسەر› ئەم هەلەی لێ‌ئەستاندین.

لەماڵپەری» گیارەنگ«
وەرگیراوە

KURDISTAN
The Organ of Kurdistan Democratic Party
No. 527   20 Jan 2010

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی "کوردستان" و ڕادیۆ دەنگی کوردستان لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:

www.kurdistanukurd.com
info@ kurdistanukurd.org   info@ kurdistanukurd.com
www.kurdchannel.com : Hotbird: 8 - MHZ: 11604 -
Polarization: Horizental - S R: 27500 - FEC: 5/6

www.radiokurdistan.net
dengikurdistan@gmail.com
Radiopdk_Iran@yahoo.com
Tel: 00 9647701597268

تەلەفۆنی تەشکیلاتی نهێنی:
009647701901658
Kdp.Tashkilat@gmail.com
Tashkilat82@yahoo.com

# دوو کوردی ڕۆژهەڵات بوونە خاوەن خەڵاتی نەتەوە یەکگرتووەکان

دوو وێنەگری کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە کێبەرکێی وێنەگری لە شاری تاران کە لە لایەن نووسیگەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە ڕێکخرابوو پلەی یەکەم و دوویەمیان بە دەست هێنا.

لەم کێبەرکێیە دا کە ٣٢ وێنەگری ناسراوی ئێران بەشدار بوون جەمشید فەرجوند لە شاری بیجارو لوقمان ڕەحیمی لە شاری بۆکان توانییان خەڵاتی یەکەم و دوویەمی ئەو کێبەرکێیە بۆ خویان دەستەبەر بکەن.



جیێ ئاماژەیە کە ئەم دوو وێنەگرە کوردە تا ئێستا لە چەندین پێشانگەو کێبەرکێی نێوخۆی ئێران دا بەشدار بوون.

# "کیسەڵەکان دەفڕن" لە ریزی باشترین فیلمەکانی ١٠ ساڵی ڕابردووی جیهان دایە

فیلمی سینەمایی "کیسەڵەکانیش دەفڕن" لە دەرهێنانی سینەماکاری بە توانای کورد بەهمەن قوبادی کە تا ئێستا لە زیاتر لە ٨٠ فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی دا بەشداری بەرچاوی هەبووەو ٤٣ خەڵاتی نێونەتەوەیی فێستیڤاڵە جۆراوجۆرەکانی جیهانی وەرگرتوە، بە نێوەرۆکی شەڕو ئاشتییەوە چووە نێو لیستی باشترین فیلمەکانی ١٠ ساڵی ڕابردووی جیهانەوە.

هەروەها دوایین بەرهەمی قوبادی "کەس بە پشیلە ئێرانییەکان نازانێ" لە شاری بروکسێلی وڵاتی بێلژیك پێشان درا کە بڕیارە بەم زوویانە لە لایەن کۆمپانیای CINEART ی ئەو وڵاتە لە سینەماکانی سەرتاسەری بێلژیك پێشان بدرێ.



هەر بەم مەبەستە قوبادی بۆ وتوویژ لە سەر بەرهەمەکانی لە وڵاتی بێلژیك ئامادە بوو.

# کاریگەرییە ئەرێنییەکانی ئینتەرنێت لە سەر مێرمنداڵان



بە پێچەوانەی وێنا باوەکان، توێژەرە هولەندییەکان بەم ئاکامە گەیشتوون کە ئینتەرنێت کاریگەری ئەرێنی لە سەر پێوەندیی کۆمەڵایەتیی مێرمنداڵان هەیە و هەروەها دەبێتە هۆی بەرز بوونەوەی توانایییە فیکرییەکانیان.

لێکۆڵینەوەکانی دەیەی ٩٠ نیشان دەدەن کە بەکار هێنانی لە ڕادەبەدەر ئێنتەرنێت کاریگەریی لە سەر پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی مێرمنداڵان هەیە. بەڵام لێکۆڵەران لەم توێژینەوە نوێیانەدا بەم ئاکامە گەیشتوون کە ئینتەرنێت پێوەندیی کۆمەڵایەتیی مێرمنداڵان پتەو دەکا و بەم هۆیەشەوە دەبێتە هۆی هەستی ڕەزامەندی لەوان دا.

هەروەها لەلایەکی دیکەشەوە دامەزراوەی ئەمریکایی مەك ئاتور لە لێکۆڵینەوەیەکی بەرفراوان ئاکامێکی لەو چەشنەی دەست کەوتوە. لەو لێکۆڵینەوەیەدا کە ٢٨ لێکۆڵەری چالاکییە ئینتەرنێتییەکان چاوەدێری ٨٠٠ مێرمنداڵیان کردوە بەو ئاکامە گەیشتوون کە مێرمنداڵان لە ئینتەرنێت دا. بە توانایی گرینگیی لە بواری کۆمەڵایەتیی، تەکنیکی و فیکری دەگەن.




# لە زیقار شوێنەوارێکی مێژوویی سۆمێرییەکان دۆزرایەوە

شوێنەوارێکی دێرینی شارستانییەتی سۆمێرییەکان کە دەگەڕێتەوە بۆ ٤٥٠٠ لەمەوبەر لە سنووری پارێزگەی زیقاری عێراق دۆزرایەوە.

ئەم شوێنەوارە کە بە شێوەی هێلکەییە و ٨٠٠ میتر درێژو ١٥٠ میتر پانە، لە باکوورەوە بەرەو باشوور درێژ دەبێتەوەو نزیك بە شەش میتر لە ئاستی دەشتەکانی دەورووبەری بەرزترە کە بەربێژی دەکرێ سەردەمی خۆی کۆمەڵگەیەکی نیشتەجێ بوونی سۆمێرییەکان بووبێ.

هەروەها لەم شوێنەوارە دا نووسراوێکی بزماری بە زمانی سۆمێری دیتراوەتەوە کە ئاماژە بە یەکێك لە



پادشاکانی سۆمێر بە ناوی "ئامارسی" دەکا.

پێویستە بوترێ زانایان پێشتر لە سەر ئەو بڕوایە بوون کە سۆمێرییەکان نەگەیشتوونەتە ناوچەی ئەریدۆ لە بیابانی زیقار، بەڵام بە دۆزرانەوەی ئەم شوێنەوار دەرکەوتووە کە سۆمێرییەکان لەم مەلبەندەش خاوەن ناوچەی نیشتەجێ بوونی تایبەت بوون.

# گەورەترین شاری کوردنشین بوو بە پێتەختی ڕووناکبیری ئورووپا

لە ڕێوڕەسمێکی شکۆمەندا، ئیستامبول وەك پێتەختی فەرهەنگیی ئورووپا بۆ ساڵی ٢٠١٠ دەستنیشان کرا.

لەم ڕێورەسمەدا کە لە ژێر ناوی "جادووی ئیستامبول" بەڕێوەچوو وەزیرانی فەرهەنگی (١٧) وڵاتی جیهان و بەرپرسانی دەزگاکانی یەکیەتیی ئورووپا بەشدار بوون.

بە گوێرەی هەواڵی ماڵپەڕی TRT بەم بۆنەیەوە لە زۆربەی شوێنەکانی ئەو شارە ڕێوڕەسمی خۆشی و شادی بەڕێوە چوو.



شاری ئیستامبول کە کەوتۆتە نێوان هەرتك وشکارۆی ئاسیاو ئورووپاوە بە گەورەترین شاری کوردنشینی جیهانیش دێتە ئەژمار.

# هونەرمەندان فستیواڵەکانی فەجری ئەمساڵ تەحریم دەکەن؟

بە پێی ئەو هەواڵ و ڕاپۆرتانەی کە لە هێندێك سەرچاوەوە بڵاو دەکرێتەوە ئەمساڵ هونەرمەندانی ئێران بەرامبەر بە فستیواڵەکانی فەجر بێ تەفاوەتن.

پیتر بڕوك، دەرهێنەری ناوداری بریتانیایی کە ڕایگەیاندرا بوو لە فستیواڵی تیأتردا بەشداری دەکا، بەڵام ناوبراو لە بەشداری کردن لە فستیواڵ خۆی کێشاوەتەوە. سێ شاعیر بە ناوەکانی ساعد باقری، عەبدولجەبار کاکایی و سوهیل مەحموودی داوەری کردنی فستیواڵی شێعری فەجریان قبووڵ نەکرد.


تەحریمی ئەو فستیواڵانە ئەمساڵ ڕەنگ و بۆنێکی سیاسیانەتری بەو فستیواڵە دەوڵەتییە داوە. فستیواڵی فیلمی فەجر تا چەند ڕۆژێکی دیکە دەکرێتەوە و هەر لەم ڕۆژانەدا بەیاننامەیەکی بێ ئیمزا بە ناوی " گرووپێك لە سینەما کارانی ئێران" بڵاو بۆتەوە کە لەودا داوا لە سینەما کارانی بیانی کراوە "بە ئێعتراز بەو هەلسوکەوتانەی حکوومەتی ئێران لەگەڵ خەڵك لە بەشداری کردن لە فستیواڵی فەجردا خۆ ببوێرن.

لەو بەیاننامەیەدا هاتوە:



فستیواڵی دەوڵەتی فەجر لە کاتێك دا بەڕێوە دەچێ کە فشاری حکوومەتی ئێران دژی خەڵك و کۆمەڵگەی هونەری بەو پەڕی خۆی گەیشتوە. نووسەرانی ئەو بەیاننامەیە ڕوو بە هاوکارانی بیانی خۆیان نووسیویانە کە قبووڵکردنی دەعوەتی حکوومەتی ئێران لەلایەن ئێوەوەو بەشداری کردنتان لە فستیواڵی فەجردا، پشتیوانیە لە بەڕێوەبەران و قبووڵ کردنی دەوڵەتێکە کە خەڵکەکەی تازیەباری کوژراوانی و چاو لە ڕێی زیندانیان و ونبووەکانی خۆیانن. ئەوان نووسیویانە: بەشداری ئێوە لە فستیواڵی فەجری ئەمساڵ دا، نادیدەگرتنی خەباتی حەقخوازانەی خەڵکی زوڵم لێ کراوی ئێرانە.

# چاپ کراوی نوێ




"کۆمەڵە شێعری" ئاناهیتاو چەپکێ خەونی دزراو" کە بەستە و شێعرەکانی هەڵبەستڤان ئەیاز خوون سیاوەشان لە خۆ دەگرێ لە سەر ئەرکی چاپخانەی دەزگای ئاراس چاپ و بڵاو کرایەوە، کە ئەزموونی ساڵەکانی ٧٦ تا ٨٤ی هەتاوی شاعیرە

بەر لەماڵاوایی

# بۆ ئەوەی "لە ئێستاوە بیرمان لە داهاتوو کردبێتەوە"!

## (لە پەراوێزی پەیامی لێخۆشبوونی سکرتێری حدکا بۆ چەکدارەکان و هاودەستانی کوردی ڕێژیم دا)

قادر وریا

مەسەلەی چۆنیەتیی خۆئامادە کردن بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئاڵوگۆڕەکان و، ئیدارەو بەڕێوەبردنی کوردستان لە ئەگەری پەرەئەستاندنی خەباتی جەماوەری و لاواز بوونی دەسەڵاتی ناوەندی یا گۆڕانی دەسەڵات لە ئێران دا، لە مێژە لە لایەن حیزبی دێموکراتەوە گرنگی پێدراوە. یەکێك لە هۆیەکانی هەوڵدانی ڕێبەریی حیزبی دێموکرات لە نیوەی دووهەمی دەیەی حەفتای هەتاوی و سەرەتاکانی ئەم دەیەیەدا بۆ پێکهێنانی هاوکاری لە نێوان حیزب و ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەرکی گرنگی و بایەخی ئەم مەسەلەیە بووە. لەو پلاتفۆرمە پێشنیارییەش دا کە ئەو کات ڕێبەریی حیزب، بۆ باس لەگەڵ ڕێکخراوەکانی دیکە ئامادەی کردبوو، ئیدارەو بەڕێوەبردنی کوردستان لە قۆناغی تێپەڕین (گذار) لەم نیزامەوە بۆ نیزامێکی دیکە، بایەخێکی تایبەتی پێدرابوو.

لەڕاستی دا هەر سیناریۆیەك بۆ داهاتووی کوردستان و ئێران پێشبینی بکەین، کۆمەڵێك پرس هەن کە بڕیاردان لەبارەیانەوە، کاری تاقە حیزب و ڕێکخراوێك نیە. ئەو پرسانە پێوەندییان بە هەموو خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە هەیە. بۆیە چۆنیەتیی بەرەوڕووبوون لەگەڵیان و بڕیار دان لەبارەیانەوە، دەبێ بەهاوبەشیی هەموو حیزب و ڕێکخراوەکان و بە ڕەزامەندی و پشتیوانیی سەرجەم خەڵکی کوردستان بێ. لەمەش دا گومانێك نیە کە ئەگەر ئەمڕۆ بوارەکانی هاوکاری و هاوفکری لە نێوان ئەم حیزب و ڕێکخراوانەدا خۆش نەکرێ و، ئەوان ئێستا لەسەر ئامانجەکان و چوارچێوەی هاوپەیمانەتییەك ساغ نەبنەوە، سبەینێ درەنگ دەبێ. لەم حاڵەتەدا، نە دەتوانن لە دەرفەتەکان بە قازانجی نەتەوەکەیان کەڵك وەربگرن و وەك کورد بە قازانجی خۆیان شوێن لەسەر ڕەوتی ڕووداوەکان دابنێن، نە دەشکرێ وڵامێکی گونجاو و دروست بە پرسە گشتی و هاوبەشەکان بدرێتەوە.

پرسی ئەو کەسانەی خزمەتیان بە دامودەزگا سەرکوتکەرەکانی ئەم ڕێژیمەو خەیانەتیان بە نەتەوەو نیشتمانی خۆیان کردوە، یەك لەم پرسە گرنگانەیە. لە درێژایی ٣٠ ساڵی ڕابردوودا، هەمووکات، کەسانێك بە بیانوو و ناوی جۆراوجۆرەوە لە خزمەت سیاسەتی سەرکوتکەرانەو بەرنامەو ئامانجە دژی گەلییەکانی کۆماری ئیسلامی دا بوون و، شانبەشانی کاربەدەستان و هێزە جینایەتکارەکانی ڕێژیم، جاری واشبووە لە پێشەوەی ئەوان، هەڵیان کوتاوەتە سەر خەڵك و نەك هەر سەرەتاییترین ماف و ئازادیەکانی دانیشتووانی کوردستانیان پێشێل کردوە، بەڵکوو تاوان و جینایەتیان لە دژی ئەوان ئەنجام داوەو لە دژایەتیکردنی بزووتنەوەی ئازادیخوازانەو دوژمنایەتیی بەشداران و هاوکارانی خەباتی ڕزگاریخوازانەی خەڵکی کوردستان درێغیان نەکردوە. هەر ئێستاش لە هەموو ناوچەکانی کوردستان ژمارەیەکی بەرچاو لەو کەسانە هەن کە بە ئاشکرا یا نهێنی، هاوکارو هاودەستی تاوان و جینایەتەکانی ئەم ڕێژیمەن.

پەیامەکەی بەڕێز مستەفا هیجری لەم پێوەندییەدا کە ڕۆژی ١٣٨٨/١٠/٢٥ لە تەلەڤیزیۆنی تیشك و دواتر لە سایتەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دا بڵاو بۆوە، لە چەند بارەوە شیاوی هەڵوێستە لەسەر کردنە. لەم بارەیەوە کە ئەو کەسانەی لە خزمەت سیاسەتی سەرکوت و تاوانی ئەم ڕێژیمەدان دەبێ وریا بکرێتەوەو هان بدرێن بۆ ئەوەی واز لە خەیانەت بە نەتەوەکەیان و هاودەستی لەگەڵ ئەم ڕێژیمە بێنن، پەیامەکەی سکرتێری حدکا بەشتێکی باش دەزانم. هیچ کامێکمان چ وەك حیزب و چ وەك تاکێکی ئازادیخوازی نابێ لەم وریا کردنەوانە غافل بین و، پێویستە هەرچی زیاتر کار بکەین بۆ ئەوەی ئەم ڕێژیمە بەتایبەتی لە کوردستان، لە نێو خەڵك دا تەریك بکەوێتەوەو، ئەو کەسانەی بە دەورەوە نەمێنن کە لەژێر ناوی جۆراوجۆردا، بۆ سەرکوت و جاسووسی لە دژی خەڵك، لە خۆی کۆ کردوونەوە. بەڵام لە دوو لایەنی دیکەوە، ئەم شێوە پەیڤین و پەیام ناردنە، شیاوی ڕەخنە لێگرتنی جیددییە:

یەکەم: نە کاك مستەفا هیجری و حیزبەکەی، نە هیچ کەسایەتی و حیزبێکی دیکە، بۆیان نیە لەسەر پرسێك کە پێوەندیی بە هەموو حیزب و ڕێکخراوەکان و سەرجەم خەڵکی کوردستانەوە هەیە، یەك لایەنەو بەتەنیا، بڕیار بدەن. کێشەی نێوان حدکاو گرووپێك چەکداری دژ بەم حیزبە نیە تا ڕێبەریی ئەم حیزبە چۆنی بۆخۆی پێی باشە، لەگەڵیان پێك بێ و لە ئێستاوە مەسەلەکە ببڕێنێتەوە!

دووهەم: لایەنێك کە بە گوتاری یەکتر بەخشین و لەیەکتر بوردن بەرەوڕووی ئەو کەسانە دەبێتەوە کە بە هەر هۆیەك لە خزمەت ڕێژیم و لەبەرەی دژ بە نەتەوەکەیان دان، حەق ئەوەیە لە پێوەندی لەگەڵ حیزبێکیش دا کە لە هاوسەنگەران و هاوڕێیانی چەندین ساڵەی خۆیان پێك هاتوە، چاو بە هەڵوێستی خۆی دا بخشێنێتەوەو نەرمی بنوێنێ. "لەیەکتر خۆشبوون و سینگ فرەوانی" و "خۆ گرێنەدان بە ڕابردوو" و وەلانانی "فکری تۆڵە کردنەوە"، کە لە پەیامەکەی بەڕێزهیجری دا هاتوون پێش ئەوەی لە ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ هاودەستان و خزمەتکارانی کوردی ڕێژیمی جینایەتکاری کۆماری ئیسلامی دا کەڵکیان لێ وەربگیرێ، پێویستە لە پێوەندی و موناسباتی حیزب و ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەتایبەتی لە ڕوانگەو خوێندنەوەی حدکا بەرامبەر بە حیزبی دێموکراتی کوردستان دا خۆی دەربخا. لەم حاڵەتە دایە کە دەتوانین "بیرکردنەوەی لە ئێستاوەی" کاك مستەفا هیجری "لە داهاتووی کوردستان" بە جیددی بگرین.